# لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

پیێر لاگەرکڤیست

# لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی

وەرگێڕانی لە سویدییەوە:

خەبات عارف



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی
نووسینی: پیێر لاگەرکڤیست
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: خەبات عارف
پێشەکی: دانا ڕەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٦١
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پیێر لاگەرکڤیست و شانۆیەکی گوزارشتئامێز

دانا ڕەئووف

پیێر لاگەرکڤیست ١٨٩١-١٩٧٤، بە ناوەندێکی گرنگ و یەکێک لە دەنگە ڕەسەنەکانی ئەدەبی سویدی دادەنرێ. شیعر، لیریک، ڕۆمان، ڕەخنەی ئەدەبی و شانۆیی. شانۆنامەو بابەتی جۆراوجۆری نووسیوە. ئێجگار فرە بەرهەم بووە و لە هەموو بوارەکاندا مۆدێرن و هاوچەرخانە دید و هزری خۆی خستووەتە ڕوو. هەر لە سەرەتاوە ئەدەبەکەی پابەند بووە بە تەوژمەکانی ئێگزیستینسیالیزم و فەلسەفەی خودێتییەوە، مرۆڤ و دەوروبەر، بڕوا، مرۆڤ و خودا و مرۆڤ و خودی خۆی، مەرگ و ژیان و هاوکێشە و بابەتە سەرەکییەکانی شاکارەکانی ئەم نووسەرەن.

پیێر لاگەرکڤیست لە نێوان ساڵەکانی ١٩١١ و ١٩١٢ دا لە شاری ئۆپسالا دەخوێنێ، دواتر دێتە ستۆکهۆڵم و هەر لەساڵی ١٩١٢ دا یەکەم نۆڤێلی بەناوی (مرۆڤەکان) بڵاو دەکاتەوە.

ئەم نووسەرە ژیانی ڕاستەقینەی لە دەرەوەی وڵات دەست پێ دەکا، سەفەرە بەردەوامەکانی کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر پرۆسەی نووسین و بەرەوپێشەوەچوونی خودی خۆیەوە دەبێ.

پیێر لاگەرکڤیست لەساڵی ١٩١٠ ەوە تا ساڵی ١٩٢٠ بەتەواوەتی سوید بەجێ دەهێڵێ و لە دانمارک، فەرەنسا و ئیتالیا دەژی. کە



دەگەڕێتەوە دەکەوێتە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەر شاکارێکیشیدا گۆمی گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوەندە هونەری و ئەدەبییەکەی ئەودەمەی سویددا دەشڵەقێنێ. دواتر پیێر لاگەرکڤیست و لەساڵی ١٩٤٠ دا دەبێتە ئەندامی ئەکادیمیای سوێدی، لەساڵی ١٩٤١ دا لە زانکۆی یۆتۆبۆری و لەبواری فەلسەفەدا، بڕوانامەی دکتۆرایەکی فەخریی پێ دەبەخشرێ و لەساڵی ١٩٥١ دا خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب وەردەگرێ.

## سەرەتا و دەروازە

لەساڵی ١٩١٢دا (مرۆڤەکان) وەک یەکەم نۆبەرە و هەوڵ و هەنگاوێکی پتەو دەردەکەوێ، ئەم هەنگاوە دووپاتی دیقەت، توانا و تەکنیکێکی بەرزی هونەری نۆڤلێت دەکاتەوە. نۆڤێلی مرۆڤەکان، بڕوا بە پیێر لاگەرکڤیست دەبەخشێ و دەشیخاتە سەر ڕێگایەکی گران. مرۆڤەکان دەبێتە سەرەتا و دەروازەیەکی گەورەش بەڕووی پرۆسەی نووسین و داهێناندا بۆ دەکاتەوە.

پیێر لاگەرکڤیست دوای نۆڤێلتی مرۆڤەکان و لە ساڵی ١٩١٣دا کتێبێکی بەبڕشت بەناوی (هونەر بە وشە و هونەر بە وێنە) بڵاو دەکاتەوە، لەم کتێبەیدا گۆڕانکارییەکی سەیر و جیاواز لە مانای وشە، دروستکردنی ڕستە و نووسینی وشەکاندا دەکا. وشەکانی بەشێوەیەکی جیاوازتر، هەندێ جار هەڵەو مانای تریان پێ دەبەخشێ، هەوڵ دەدا وێنەی وشەکان بکێشێ و وێنەکانیش مانای وشەیان تێدا بدۆزێتەوە. پیێر لاگەرکڤیست بەم کتێبەی پێڕەو و پرۆگرامی نووسین و دیدی خۆی بۆ ئەدەب و فەلسەفەی نووسین ڕوون دەکاتەوە. ئەم

نووسەرە بانگەشەی شێوازێکی جیاوازی نووسین دەکا کە یاسا و بنەماکانی دووربن لە ستركتور و ئەتمۆسفێرێکی ڕیالیزمییەوە. ناتورالیزم، ڕیالیزم و ئەدەبێکی ڕاستەوخۆ خەون و هزرە هونەرییەکەی، تێڕوانینە فەلسەفییەکەی و دیدە ئێکسپرێسیۆنستییەکانی ئەم نووسەرە بەرجەستە ناکەن. هەر لەبەرئەوە ئەم نووسەرە لەم قۆناخەدا ڕوو دەکاتە هونەری وێنەکێشان، بەتایبەتی تەوژمە نوێیەکانی هونەری کوبیزم زۆر سەرنجی ڕادەکێشن و بەوردی تابلۆکانیان شی دەکاتەوە. بەڵام داستانە گەورەکەی هۆمیرۆس، ئەلیادە و ئۆدیسە، کتێبی ئینجیل و چیرۆک و بەسەرهاتەکانی دوورگەی ئێسلاند بە قووڵی کاری تێ دەکەن.

پییێر لاگەرکڤیست هەر لەدوای یەکەم نۆڤلی مرۆڤەکانەوە، هەموو ساڵێک کتێبێ بڵاو دەکاتەوە: دوو بەسەرهات سەبارەت بە ژیان ١٩١٣، وێنە ١٩١٤، ئاسن و مرۆڤ ١٩١٥، لە ساڵی ١٩١٦ یشدا دیوانی پەشێو بڵاو دەکاتەوە. ئەم دیوانە شیعرییەش هەر زۆر خێرا بەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵدا بڵاو دەبێتەوە و پلاتفۆرمێکی ئەدەبیش بۆ پییێر لاگەرکڤیست بەدەست دەهێنێ. شیعرەکانی ئەم دیوانە و بەتایبەتیش شیعری پەشێو، یاخود (خەمۆکی) ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەرییەکی بەرچاوی دەبێ لە ئەدەبی سویدیدا و بە هەنگاوێکی بەهێز و بەپێزی مۆدێرنەبوونی شیعری هاوچەرخی سویدی دادەنرێ. دوای دیوانی پەشێو و لە ساڵی ١٩١٧دا (دوا مرۆڤ) بڵاو دەکاتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٢٤دا و بەکۆمەڵە کورتە چیرۆکی (چیرۆکە بەدخوازەکان) وەرچەرخانێکی گەورە لە ئەدەبیاتی کورتە چیرۆکی سویدیدا بەرپا دەکا. هەر لە سەرەتاوە ئەم چیرۆکانە وەک شاکارێکی



کلاسیکی ئاماژەیا بۆ دەکرێ و پییێر لاگەرکڤیست لە ئەتمۆسفێر و جیهانی کافکا نزیک دەبێتەوە و کارەکتەرەکانی بە پەیژەی کارەبایی ڕەوانەی دۆزەخێکی مۆدێرن دەکا.

لە ساڵی ١٩٢٥دا پییێر لاگەرکڤیست یادداشتەکانی خۆی لە شێوازی ڕۆمانێکدا بڵاو دەکاتەوە. ڕۆمانەکەی (میوانی ڕاستییەکانی ژیان) دەبێتە هەنگاوێکی تری ئەم نووسەرە بەرەو ترۆپکەکانی داهێنان، ڕووداوەکانی ئەم بیۆگرافیا ڕۆمانە لە شارێکی بچووکدا ڕوودەدەن و نووسەر سەرلەنوێ پرسەکانی ژیان، مەرگ و یەقین و باوەڕنەبوون بەخودا دەخاتە ڕوو.

## بەرگریکردن لە ئازادیی مرۆڤ

پییێر لاگەرکڤیست هیومانیستێکی گەورە بووە و بە هەموو شێوەیەک دژی هەموو جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکی زەبروزەنگ وەستاوەتەوە، بەرگریی لە مرۆڤ و مافەکانی کردووە، هەر لەم دەروازەیەشەوە، زۆر بە توندی دژی ئایدیۆلۆژیای نازییەکانی ئەڵمانیا و فاشییەکانی ئیتالیا وەستاوەتەوە. لەساڵی ١٩٣٣دا دەچێتە فەلەستین و یۆنان، لەگەڕانەوەیدا بە ئیتالیا و ئەڵمانیادا گوزەر دەکا و لەم وڵاتانەش لادەدات و بەچاوی خۆی ڕەفتاری عەسکەرتاری و فاشییانە لەم دوو وڵاتەدا دەبینێ و زۆر بەقووڵی خەم دای دەگرێ و پێشبینیی ئایندەیەکی نادیار بۆ ئەوروپا دەکا و کولتووری ئەوروپی ڕووبەڕووی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی دەکاتەوە. لەم سەردانە خێرایەدا، دیمەنە ئاڵۆزەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا، عەسکەرتارییەت و گرنگیدان بە جبەخانە و خۆ پڕ چەک کردن، دەیتۆقێنن، لەگەڵ گەڕانەوەیدا،

دەسبەجێ دەکەوێتە نووسینی ڕۆمانی (جەللاد) و هەر لەساڵی ١٩٣٣دا بڵاوی دەکاتەوە. جەللاد گوزارشتێکی ئاشکرای دژایەتیکردنی زەبروزەنگ و ڕیسواکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیا قێزەونەیە. ڕۆمانی جەللاد هەر لەساڵی ١٩٣٤دا ئامادە دەکرێ بۆ شانۆ و چەندین جار لەسەر شانۆکان نەمایش دەکرێ و زۆر بە خێراییش وەردەگێڕدرێتە سەر زمانە ئەوروپییەکانی تر و یەکێکیشە لەو کتێبانەی کە نازییەکان لە گۆڕەپانی شارەکانی ئەڵمانیادا دەیسوتێنن. ڕۆمانی جەللاد لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەمیان لە مەیخانەیەکی پاشکەوتەی چاخەکانی ناوەڕاستدا ڕوودەدات، لەم بەشەدا جەللادەکە دەبێتە هاومانای بەدخوازی، شەڕو خراپەکاری و بەشێوەیەکی بێدەنگ بەرجەستە دەبێ، بەشی دووەم چێشتخانەیەکی مۆدێرنە و ڕاستەوخۆ گاڵتەوگەپ بە نازییەکان دەکا. پیێر لاگەرکڤیست لە ساڵەکانی ١٩٣٦ و ١٩٣٩دا سەرلەنوێ دەکەوێتەوە وێزەی نازییەکان و دژی دەسەڵاتی هیتلەر دوو شانۆنامەی تر دەنووسێ، یەکەمیان (پیاوێکی بێگیان) و دووەمیشیان (سەرکەوتن لە تاریکیدا).

ڕۆمانی گرگن (بستەباڵا) کە لەساڵی ١٩٤٤دا بڵاوکراوەتەوە، یەکەم سەرکەوتنی گەورە و بەربڵاو بۆ پیێر لاگەرکڤیست بەدەست دەهێنێ و خوێنەرێکی ئێجگار زۆر لەخۆی کۆدەکاتەوە. ڕۆمانەکە هەندێ گرانە، ڕووداوەکان چڕ و پێکداچوون و هزر و بیر و باوەڕە فەلسەفییەکانی نووسەر بەتەواوەتی لەم ڕۆمانەدا ڕەنگیان داوەتەوە. هەروەها گرگن بە چەشنی ڕۆمانی جەللاد، لە بنەمایەکی تر و لە دەروازەیەکی جیاوازەوە، لە هێزی شەڕ و توندوتیژیی دەدوێ. ڕووداوەکانی



ڕۆمانەکەش باس لە ڕۆژگارەکانی سەردەمی بووژانەوە، (ڕێنیسانس) ئیتالیا دەکات. پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە گرگنێکی لێبوک ئاسای ماڵی میرێکە و هێزە شەیتانییە شەڕانگێزە ڕەشەکان گامارۆیان داوە، ئەم کارەکتەرە هەر خۆی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. ئەم گرگنە قەمورە شەڕخوازە، ڕقی لە خۆشەویستی و جەستە و جوانیی ئافرەتە، دەسەڵات، شەڕ و هێزە شەیتانییەکان ئاراستەکانی ژیانی دیاری دەکەن و لە خەونی شەڕ و دەسەڵاتەوە دەیەوێ ئاگر لە جیهان بەربدا. گرگن بە ئازاردانی خەڵکی و هەڵایسانی شەڕ و کوشتنی دڵدارەکان و بەندکردنی مرۆڤە بێتاوانەکان و شکاندنی دڵی ئافرەتان ئاسوودە دەبێ و دەگاتە ئاستەکانی سەرفرازی و ساتەوەختە خۆشگوزارەکانی ژیان.

دوای ڕۆمانی گرگن و لە ساڵی ١٩٥٠دا، شانۆنامەی باراباس بڵاو دەکاتەوە. باراباس بە لووتکەی پێگەیشتن و قووڵبوونەوەی ئەدەب و هزری پیێر لاگەرکڤیست لە قەڵەم دەورێ. ئەم شانۆنامەیە هەر دوای بڵاوبوونەوەی و بە ماوەیەکی کەم، وەردەگێڕدرێتە سەر زوربەی زمانەکانی جیهان[1]. هەر ئەم بەردەوامی و سەرکەوتنانەشی بەرەو بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵی دەبەن. لەم شانۆنامەیەدا، باراباس، ئەو

(١) ڕۆمان، لیریک، شیعر و شانۆنامەکانی پیێر لاگەرکڤیست تا ئێستا وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان، بۆ نموونە، ئیوکرانی، ئەڵمانی، تورکی، شیکی، ئیسپانی، سلۆڤاکی، سەربۆکراتی، ڕووسی، ڕۆمانی، پرتۆگیسکی، پۆلۆنی، نەرویژی، هۆلەندی، لیتوانی، چینی، کەتەلانی، ژاپۆنی، ئیتاڵی، ئیسڵیندی، عیبری، گرێکی فەڕەنسی، فینلەندی، ئێستنیسکی، ئینگلیزی، دانمارکی، عەرەبی و کوردی.

تاوانکارەی کە لەبری عیسا ئازاد دەکرێت، دەبێتە هێماگەلێکی بڕوا و تێڕوانینی مرۆڤە مۆدێرنەکان لە مەسیحییەت و بوون و نەبوونی ئەو بڕوایە. باراباس دەبێتە ئەو کەسەی کە ناتوانێ باوەڕبهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئاواتەخوازی هیوایەکی هەتاهەتاییە(٢).

بەکورتی دەتوانین بڵێین پێر لاگەرکڤیست یەکێکە لەو نووسەرانەی کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ وروژاندنی پرسیارە خودییەکان، بۆ گرفتی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی، لەهەمانکاتدا توانیویەتی پرس و گرفت و گفتوگۆ ئیگزیستینیالیستییەکان بکاتە پرس و گرفتی هەموو کەسێک. زمان و نووسینەکانی ئاوەڵایە و هەموو کەسێک بە ئاسانی تێیان دەگات، لەهەمانکاتدا هێما و فەلسەفە، ئەتمۆسفێرێکی تەلیسماوی و سوریالییانەی ئاوێزانی بەشێکی تری شاکارەکانی بووە و هێماکانی بە ئاسانی دەناسرێنەوە. بڕوا بە خودا، نائامادەیی ئەو خودایە و هێزە ئاسمانییەکان، هێزە شەڕخوازەکان، مانای خۆشەویستی و بوونی مرۆڤ بە زمانێکی خاوێن، ساکار و قووڵ بەرجەستە دەکات.

## پێر لاگەرکڤیست و هونەری شانۆ

پێر لاگەرکڤیست گرنگییەکی زۆر ئەدات بە هونەری شانۆ، پێگەی شانۆ، کاریگەری شانۆ بەرز ئەنرخێنێ و هەر لەبەر گرنگی ئەو هونەرەشە کە لە هونەری شانۆ ئەکۆڵێتەوە، شانۆنامە دەنووسێ و لەگەڵ ڕیژیسۆرەکان بە شەڕ دێت. هەر لە سەرەتاوە بە چاوی ڕێز و

(٢) شانۆنامەی باراباس تاکو ئێستا دوو جار کراوەتە فیلمی سینەمایی، یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٣ و دووەم جاریش لە ساڵی ١٩٦٢دا.



پێزانینەوە شانۆنامەکانی ستریندبێری خوێندۆتەوە. شانۆنامەی خەونە یاری، سێینەی بەرەو دیمەشق و شانۆنامەکانی گەمەی ژوور و بە تایبەتیش شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی) زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە و کاری تێکردووە(٣). هەروەها ڕێبازی ئێکسپریسیۆنستەکانی ئەڵمانیا و شانۆ هێماگەرییەکەی مۆریس مایترلنگ سەرچاوەی داهێنان و شوێنپێهەڵگرتنی ئەم نووسەرە بووە.

پێر لاگەرکڤیست لە تەوژمەکانی شانۆی گوزارشتئامێزەوە دەست پێ دەکات و شێواز و فۆرمێکی جیاواز، هێماگەری و ئەتمۆسفێرێکی تەلیسماویی دەبەخشێت بە شانۆکەی. لە ساڵی ١٩١٨شدا، پرۆگرامێکی شانۆیی وەک مانیپێستێک بڵاو دەکاتەوە. لەم پرۆگرامەدا زۆر بە توندی بە ڕووی شانۆ و دراما ناتورالیستییەکاندا دەوەستێتەوە(٤). هەر لەم ساڵەدا و لە هەناسە شیعرییەکانییەوە، لەدەسپێکی دەروازە وێنەییە مەجازییە بەهێزەکانی قەسیدەی (خەمۆکێ) وە، لە خودی ستركتوری ئاماژە و پێکهێنانی خەونە شیعرییەکانییەوە چەند شانۆنامەیەک: دوا مرۆڤ، ساتە دژوارەکان و نهێنییەکانی ئاسمان دەنووسێت. لە ساڵی ١٩٢١دا نهێنییەکانی ئاسمان بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆ لە ستۆکهۆلم نمایش دەکرێت، ئەم شانۆنامەیە لە ڕووی نەمایش و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی نەمایشێکی شانۆیی و چۆنییەتی پێشکەشکردن و بەکارهێنانی سینۆگرافیاوە، بۆ ئەو ڕۆژگارە زۆر جیاواز بووە و هەموو شتەکان وەک هێما و ئاماژە

(٣) بڕوانە زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ٥، شانۆنامەی سۆناتای تارمایی، وەرگێڕانی لە سویدییەوە: عەبدوڵڵا قادر دانساز.

(٤) هەر لەم باسەدا بۆ ئەم چەمکە دەگەڕێمەوە.

کاریان کردووە(٥). هەر لەم شانۆنامەیەدا پییر لاگەرکڤیست سەرەتای کۆد و هێماکانی بەکار دەهێنێ و دواتر لە زۆربەی ڕۆمان و شانۆنامەکانی تریدا دەگەڕێتەوە سەریان. خوا/ بڕوا و مەرگ وەک دوو هێما. دوو ئاماژە، دوو جیهانی پێکداچوو، دوو هاوکێشەی ژیان و دوو زاراوەی هەمیشە ئامادە، لە هەموو شانۆنامەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە. بۆ نموونە لە شانۆنامەی (نهێنییەکانی ئاسماندا)، وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، خودا و مەرگ دوو پاڵەوانی سەرەکیی شانۆنامەکەن، خودا دار دەبڕێتەوە و مەرگیش گەمە بە کۆمەڵێ بووکەڵە دەکا و هێدی هێدی لە گەمەیەکی مەرگدا سەریان لێ دەکاتەوە. هەر لەم شانۆنامەیەدا گەنجێک بەدوای ماناکانی ژیاندا، بەدوای بڕوا و مانای هەموو شتەکاندا دەگەڕێ، بەبێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی دەست بکەوێ، بەبێ ئەوەی بگاتە هیچ دەرەنجامێک. ئەم شانۆنامەیە بیروبۆچوونەکانی پییر لاگەرکڤیست چڕ دەکاتەوە، هێڵەکانی فەلسەفەی نووسینی ڕوون دەکاتەوە و ئەو گرفت و پرسیارانەش دەخاتە ڕوو کە دواتر هەمیشە دەگەڕێتەوە سەریان: ئامادەنەبوونی خودا و گەڕان بەدوای ماناکانی ژیاندا، ئەو مانا و بەهایانەی کە هەرگیز بوونیان بۆ نەبووە.

پییر لاگەرکڤیست جگە لە مانیڤێستەکەی ئەم شانۆنامانەشی بڵاوکردوونەتەوە: دوا مرۆڤ ١٩١٧، ساتەوەختە دژوارەکان ١٩١٨، نهێنییەکانی ئاسمان ١٩١٩، نەبینراوەکە ١٩٢٣، ئەو کەسەی کە

(٥) سینۆگرافیای ئەم شانۆنامەیە پێک هاتووە لە گۆی زەوی و تەقەلایەکە بۆ بەرجەستەکردنی ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی. زۆربەی کارەکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە دواتر لە بەرهەمە شانۆییەکانی تری پییر لاگەرڤیستدا دەردەکەونەوە.



سەرلەنوێ ژیانی خۆی ژیایەوە ١٩٢٨، پاشا ١٩٣٢، پیاوی بێ ڕۆح ١٩٣٦، لێ گەڕێن مرۆڤ بژی ١٩٤٩، سەرکەوتن لە تاریکیدا ١٩٣٩، خەونی نیوەشەوێکی هاوین لە ماڵێکی هەژاردا ١٩٤١، بەردی زاناکان ١٩٤٧، جەللاد ١٩٥٠ و باراباس ,١٩٥٣

## شانۆی مۆدێرن، تێبینی و ڕەخنە

پییر لاگەرکڤیست لە ساڵی ١٩١٨دا (ساتە دژوارەکان) بڵاو دەکاتەوە، کتێبەکە سێ شانۆنامە و باسێکی شانۆییش بەناوی (شانۆی مۆدێرن، تێبینی و ڕەخنە) لەخۆدەگرێ. بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە بە هەوڵێکی تیۆری و پراکتیکی و تێڕوانینی نووسەر بۆ هونەری شانۆ لە قەڵەم دەورێ.

پییر لاگەرکڤیست لە دەروازەکانی باسە تیۆری و ڕەخنە ئێستاتیکییەکەیەوە دەیەوێ، پرۆگرام و بۆچوونی خۆی بۆ هونەری شانۆ ڕوون بکاتەوە. باسەکە دەبێتە، هۆی گفتوگۆیەکی هونەری، ئێستاتیکی و شانۆیی لە نێوەندە شانۆییەکەی ئەوسای سویددا.

پییر لاگەرکڤیست هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی بەرامبەر ڕەوتی شانۆی سویدی هەیە و زۆر بە توندییش دژی شانۆی ناتۆرالیزم دەوەستێتەوە. تەوژمی ناتۆرالیزم لەسەر دەستی ئیبسن و ستریندبێریدا لە ئاستێکی بەرز و ترۆپکدا دەبن، لە فەرەنساوە بانگەشە بۆ ئەم شانۆیە دەکرێ و ئەمیل زۆلا و ئەندرییە ئەنتوان شانۆیەکی تایبەتمەند بۆ ڕەوتی ناتورالیزم لە پاریس دادەمەزرێنن. بەڵام پییر لاگەرکڤیست هەست بە پێویستیی جۆرێکی تری شانۆ دەکا، شانۆیەکی گوزارشت ئامێزی وەها کە فۆرمێکی جیاواز و

وێنەیی لەخۆبگرێ. پییێر لاگەرکڤیست دووپاتی دەکاتەوە کە شانۆ پێویستە بگەڕێتەوە سەر بنەما شانۆییەکانی خۆی و لەبری ڕۆچوونە خوارەوە بەنێو جیهانە ناوەکییەکاندا، ڕووبکاتە دەرەوە و ئامرازە هونەری و بنەما گوزارشتئامێزەکان بەکاربهێنێ. بۆ ئەم نووسەرە شانۆ ئامرازێکی بینینە، وێنە و شیعرە و دەبێ دوور بێ لە وشە و گوێڕادێران و ئاخافتنەوە و زیاتر ئەتمۆسفێرێکی گەمەئامێز و فەنتازیایی لەخۆبگرێ.

پییێر لاگەرکڤیست گەڕاوەتەوە بۆ سەر بنەماکانی شانۆی چاخەکانی ناوەڕاست و شانۆنامە پیرۆزەکانی کڵێساکان، لەم شانۆیەدا هەندێ لە بنەما گرنگەکانی شانۆیەکی تەواوەتی و چەمکەکانی هونەری شانۆی دیوە و ئاماژەی ئەوەی کردووە کە شانۆی مۆدێرن دەتوانێ سوودیان لێ وەربگرێ. پییێر لاگەرکڤیست بۆ چەندین جار ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە بە گەڕانەوە و سوودوەرگرتن لە شانۆی چاخەکانی ناوەڕاست، دەکرێ هونەرێکی جیاوازی شانۆ بخوڵقێنین، شانۆیەکی فەنتازیئامێز، بەرجەستەکراو، کردەیی و دوور لە بنەماکانی خەیاڵ و ئەندێشەکانەوە. پییێر لاگەرکڤیست سەبارەت بە شانۆی ناتورالیزم دەڵێ:" شێوازی ناتورالیزم چیتر ناتوانێ وەک ئامرازێکی دەربڕین کار بکا، چیتر ناتوانێ وەڵامی پرسیارەکانی ئەم زەمەنەی کە تێد دەژین بداتەوە. ئەم فۆرمەی شانۆ ناتوانێ گوزارشت لە زۆربەی ئەو شتانەی کە لە دەوروبەر و ئەوانەشی کە لە تاریکیدا ڕوودەدەن بکا، ئەم ژیانە مۆدێرنەی ئەمڕۆ بە هەموو شێوازەکانییەوە، بە خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە، ناتوانێ خۆی لە فۆرمەکانی ناتورالیزمدا بدۆزێتەوە."



پییێر لاگەرکڤیست، هەر لەم باسەدا، لە ئەکتەر و هونەری نواندنیش دەدوێ، ئەکتەر شانە گرنگەکانی شانۆیە و بەبێ بوونی ئەکتەر، شانۆ ناتوانێ پەیامەکانی بگەیەنێ. (سەرەتا و کۆتایی: ئەو شانۆیەی کە خاوەنی شانۆنامەنووس و ئەکتەرە دەبێ لە بری ڕازیبوون بەردەوام لە گەڕان و پشکنیندا بێ، لەبری ئەوەی ئێمە لەناو ئامادەگیدا بەند بکا، دەروازەکانی بەڕووی پانتاییەکاندا بکاتەوە!)

پییێر لاگەرکڤیست لەم باسەدا لە دوو ئاڕاستەوە، هێرش دەکاتە سەر شانۆی ئەو دەمەی سویدی بە تایبەتی و ئەوروپی بە گشتی، بۆ نموونە زۆر بە توندی ڕەخنە لە شانۆنامە و ئەو شێوازەش دەکرێ کە هێنریک ئیبسن شانۆنامەکانی پێ دەنووسێ و ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لێ دەگرێت و شانۆنامەکانی بە وشەی بێتامی درێژی پێنج پەردەیی ناوزەد دەکا، لەهەمانکاتدا ڕەخنە لە شانۆ ئەینتیمییەکەی ستریندبێری دەکرێ. بەلای پییێر لاگەرکڤیستەوە زۆر گرنگ بووە کە لیریک و دیالۆژ بە سەربەستی پێکەوە لەگەڵ تواناکانی هونەری شانۆ و پانتاییەکانی تەختەی شانۆ کار بکەن. شانۆ دەبێ ڕەنگدانەوەی زەمەنەکەی خۆی بێ، دراما و هونەری شانۆ لە زەمەندا پێویستی بە پێناسەکردنی ڕاستی و واقیعییەتێکە کە نزیکترە لە خودی واقیعییەتەوە.

پییێر لاگەرکڤیست ئاماژەی بۆ بنەماکانی هونەری سەردەمی باروکیش کردووە، لە باروکەوە، لە شێوازەکانی هونەری وێنەکێشان و تەنانەت پەیکەرتاشینەوە، دەگەینە ئاستەکانی هونەرێکی ساکار، قووڵ و گەمەئامێز.

شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە زەمینەیەکی لە بار بوون بۆ شانۆی

ئەزموونگەری و گوزارشتئامێز، ئەزموونگەری لە نووسین و لە بەرجەستەکردندا، لە سەرەتاکانی دراما و لە ڕەگەزەکانی خستنە سەر شانۆدا. شانۆی ئەزموونگەری لەلای پییێر لاگەرکڤیست کات و شوێن، واقیع و ناتەبا، ڕاستی و ئەندێشە، خەون و زیندەخەون دەکاتە وێنەیەکی تری شانۆیی.

ڕیژیسۆری سوێدی پێییر لیندباری بەشێکی زۆری ژیانی هونەریی خۆی بۆ خوێندنەوەی شانۆنامەکانی پییێر لاگەرکڤیست تەرخان دەکا و لە ماوەی بیست ساڵدا زۆربەی شانۆنامەکانی لەسەر شانۆکانی ستۆکهۆڵم و یۆتۆبۆری و مالیۆ پێشکەش دەکا. پییێر لیندباری دەتوانێ توانا تەلیسماوییەکانی، بنەما ئێکسپریسیۆنیستییەکانی و ئەتمۆسفێرە سووریالیستییەکانی شانۆنامەکانی پییێر لاگەرکڤیست بدۆزێتەوە.[٦]

## لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی

پییێر لاگەرکڤیست ئەم شانۆنامەیەی لە ساڵی ١٩٤٩ دا نووسیوە و بە یەکێک لە هەوڵە ئێکسپریسیۆنیستییەکانی دادەنرێت و تا ئێستا بۆ چەندین جار چاپ کراوەتەوە و لەسەر زۆربەی شانۆکانی شارەکانی سوێدیش نەمایش کراوە.

هەر لە سەرەتاشەوە ناوونیشانەکە (لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی) ئاماژەی ئەوە دەکا کە شانۆنامەکە باسی چی دەکا، دەسپێکی

(٦) ڕیژیسۆر پێیر لیندبای لە نێوان ساڵانی ١٩١٧ و ١٩١٨دا لە بەرلین ژیاوە و لە نزیکەوە چاودێریی کارە گوزارشتئامێزەکانی ماکس ڕاینهارت و شانۆی ئەڵمانی بووە. هەروەها بۆ ماوەیەکیش لەگەڵ ماکس ڕاینهارت کاری کردووە.



ڕووداوەکانیش دووپاتی ناوونیشان و ناوەڕۆکی شانۆنامەکە دەکاتەوە.

(لە تاریکیی سەر شانۆکەوە، دەنگەکان هەموو پێکەوە)

تاوانبار کێیە؟ کێ تاوانبار دەکات؟ دادوەرەکە کێیە؟

شانۆ ڕووناک دەبێتەوە. کەسەکان لەنیوە بازنەیەکدا ڕاوەستاون. لە پشتیانەوە تاریکییە.

**هەموو پێکەوە:**

ئێمەین تاوانبارەکان! ئێمەین، ئەوانەی تاوانبار دەکەین!
تاوانبارەکان ئێمەین! ئێمەین، ئەوانەی تاوانبار دەکەین!
کێیە دادوەرەکە؟

لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی

پییێر لاگەرکڤیست کارەکتەرەکانی لە ڕووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە هێناون و هەمووشیان بەهۆی ڕووداوی جۆراوجۆری مێژووییەوە کوژراون. بڕوانە پەراوێزەکانی شانۆنامەکە.

هەرچەندە کارەکتەرەکان ڕاستەقینەن و ڕووداوەکانیش لە مێژووەوە وەرگیراون، بەڵام شانۆنامەکە تۆماری و دیکیۆمێنتاری نییە و ئەو ڕووداوانە و خودی کارەکتەرەکان، لە دووتوێی شانۆنامەکەی پێییر لاگەرکڤیستدا بنەما و سترکتورێکی تایبەتمەندی شانۆییان لەخۆگرتووە.

کە شانۆنامەکە دەست پێ دەکا، کارەکتەرەکان، یان کەسایەتییە مردووەکان لە ڕێتواڵ و کۆراڵێکی هاوبەشدا و لە تاریکیدا دەدوێن، چیرۆکی ژیانی خۆیان دەگێڕنەوە، بەدوای تاوانبارەکانیاندا دەگەڕێن و هۆکاری کوشتنەکەیان دەخەنە ڕوو. بوێرانە باسی گرفتەکانی ژیان

دەکەن، باسی خۆشەویستی و خەون و ئازارەکانیان و مەرگ دەکەن. کارەکتەرەکان ڕووداوەکان لە دەرەوەی ژیانەوە، لە دوورگەکانی مەرگەوە دەبینن و هەڵیان دەسەنگێنن.

پییێر لاگەرکڤیست بەشێوەیەکی شانۆیی، وێنەیەکی زیندووی چەند بەشێکی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتیمان بۆ دەخاتە ڕوو، لە عیسای مەسیح، یوداس و سوکراتەسەوە تا دەگاتە ژان دارک و پاوڵۆ مالاتێستا و فرانسێسکا داریمنی و مسکێنێکی ئاسایی.

هەموو شانۆنامەکەش باسی ئەوە دەکا کە چۆن مرۆڤ دەژی، هونەری ژیان و مەمەڵەکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و چارەنووسەکان. ڕۆنانی درامایی شانۆنامەکە تەقلیدی نییە و سترکتورێکی دیاریکراو لەخۆناگرێ، ڕۆڵەکانیش وەک کەسانێکی دیاریکراو بەهیچ شێوەیەک کارەکتەری ناتۆرالیستی و سایکۆلۆژییی نین، بەڵکو زیاتر چەند دەنگێکن کە گوزارشت لە هاوشێوەکانی ژیان دەکەن. بە چەندین شێوە بەرجەستەی ستەمکاری و لەناوبردنی مرۆڤ دەکەن.

پییێر لاگەرکڤیست لە دەسپێکی شانۆنامەکەدا، وەک دەروازەیەکی پێناسە و خستنەڕووی ڕووداوەکان، کارەکتەرەکان یەکە یەکە بە کورتی دەناسێنێ. لەم دەروازەیەدا ناوی خۆیان و ئەو ڕووداوانەی کە بۆتە هۆی مردنیان دەخەنە ڕوو.

مسکێن

(بە چاکەتێکی دڕاو و شەرواڵێکی پینەکراوەوە، لە ڕیزەکە دێتە دەرەوە و لە نێوەڕاستی شانۆکەدا دەوەستێت).

من فرانسوام، هەڵواسراو بە تاوانی دزینی پارچە



گۆشتێک.

بەڕێزەوە خۆی دەچەمێنێتەوە و دەگەڕێتەوە جێی خۆی.

کۆمتێس دۆ لارۆچی مۆنتفاوکۆن

(بەهەمان شێوە دێتە پێشەوە.)

کۆمتێس دۆ لارۆچی مۆنتفاوکۆن، لە مەقسەڵەدراو، لەلایەن خەڵکی ڕەشوڕووتەوە، ئۆکتۆبەری 1793 Ces sales cochons

(دەگەڕێتەوە جێی خۆی)

گیۆردانۆ برۆنۆ

(دێتە پێشەوە).

گیۆردانۆ برۆنۆ، بە ئاگر سووتێنراو لە پێناوی ڕاستیدا.

دەگەڕێتەوە.

" لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی "

شانۆنامەکە زیاتر بریتییە لە کۆمەڵێ مەنەلۆژ و کارەکتەرەکان دێنە پێشەوە و ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان بۆ بینەران دەگێڕنەوە، بەڵام هەندێک جار نووسەر ئەم تەکنیکە دەشکێنێ و لە دیالۆژێکی کورتدا، هەندێ لە کارەکتەرەکان ڕووبەڕووی یەکتری دەکاتەوە. بەم شێوەیەش سنوورەکانی مێژوو، کات و ڕووداوەکان دەشکێنێ و یەکەیەکی تری شانۆیی و لە ساتەوەختێکی تردا بەرجەستە دەکا.

مەسەلەکانی بوون و نەبوونی بڕوا، دەسەڵاتی یەزدان، پەشێویی مرۆڤ، نەبوونی خودا، گرفتەکانی مرۆڤ – ئابووری، ڕامیاری، ڕۆحی و ئاڵۆزیی ژیان، شانە گرنگەکانی (لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی) پێکدەهێنن.

# لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی

## کەسەکان

ڕیکارد

جۆو[١]

کۆمتێس دۆ لارۆچە – مۆنتفاوکۆن[٢]

مسکێن

گیۆردانۆ برونۆ[٣]

سەرەکخێڵی ئێنکا

ژان دارک[٤]

پاولۆ مالاتێستا[٥]

فرانسێسکا داریمینی[٦]

شەهیدێکی دیان

عیسای مەسیح

یوداس ئێسکاریۆت[٧]

سۆکراتەس[٨]

**لە تاریكیی سەر شانۆكەوە، دەنگەكان، هەموو پێكەوە:**

تاوانبار كێیە؟ كێ تاوانبار دەكات؟ دادوەرەكە كێیە؟

شانۆ ڕووناك دەبێتەوە. كەسەكان لە نیوەبازنەیەكدا ڕاوەستاون. لە پشتیانەوە تاریكییە.

**هەموو پێكەوە:**

ئێمەین تاوانبارەكان! ئێمەین؛ ئەوانەی تاوانبار دەكەین! تاوانبارەكان ئێمەین! ئێمەین؛ ئەوانەی تاوانبار دەكەین! كێیە دادوەرەكە؟

**مسكێن:**

بە چاكەتێكی دڕاو و شەڕواڵێكی پینەكراوەوە، لە ڕیزەكە دێتە دەرەوە و لە نێوەڕاستی شانۆكەدا دەوەستێ.

من فرانسوام؛ هەڵواسراو بە تاوانی دزینی پارچەگۆشتێك.

(بەڕێزەوە خۆی دەچەمێنێتەوە و دەگەڕێتەوە جێی خۆی).

**كۆمتێس دۆ لارۆچە – مۆنتفاوكۆن:**

(بە هەمان شێوە دێتە پێشەوە.)

كۆمتێس دۆ لارۆچی مۆنتفاوكۆن؛ لەمەقسەڵەدراو، لە لایەن



خەڵكی ڕەشوڕووتەوە، ئۆكتۆبەری(۹) 1793.Ces sales cochons!

(دەگەڕێتەوە جێی خۆی).

**گیۆردانۆ برونۆ**

(دێتە پێشەوە.)

گیۆردانۆ برۆنۆ؛ بەئاگرسووتێنراو لە پێناوی ڕاستیدا.

(دەگەڕێتەوە).

**جادووگەر** (دێتە پێشەوە).

زیندەبەچاڵكراو، لە ڕۆژی یادكردنەوەی پیاوچاكاندا، ١٦٣٤. دەرهەق بەمن، ڕۆژی زیندووبوونەوە، هەرگیز نایەت.

(دەگەڕێتەوە جێی خۆی.)

(پاولۆ و فرانسێسكا، كە هەمیشە پێكەوە وەستاون و دەستی یەكتریان گرتووە، دێنە پێشەوە بۆ ناوەڕاستی شانۆكە).

پاولۆ

(دەست لەسەر دڵ، بە ڕێزەوە، خۆی دەچەمێنێتەوە).

**پاولۆ**

فرانسێسكا

(بە هەمان شێوە).

**فرانسێسكا**

پاولۆ

(دوای ئەوەی دەستی یەكتر دەگرنەوە).

کوشتیانین، لەبەرئەوەی یەکترمان خۆش دەویست.

(دەگەڕێنەوە جێی خۆیان).

**ڕیکارد** (دێتە پێشەوە).

ڕیکارد، ١٧ ساڵان، گوللەبارانکراو، لەبەرئەوەی ئامێرێکی ڕاگەیاندمان هەبوو.

(دەگەڕێتەوە جێی خۆی).

**جۆو** (دێتە پێشەوە).

جۆو براون، لە نێوبراو بەبێ هیچ لێکۆڵینەوە و دادگایەک لە کۆڵۆمبیا، خوارووی کالۆرینا، بەهاری ١٩٢٢.

(دەگەڕێتەوە).

**شەهید** (دێتە پێشەوە).

لەتوپەتکراو، لەلایەن گیانەوەرانی دڕندەوە، لەبەرئەوەی بڕوام بە کوڕە خۆشەویستەکەی خوا؛ ڕزگارکەری دنیا هەبوو.

(دەگەڕێتەوە جێی خۆی).

**سەرەکخێڵی ئینکا** (دێتە پێشەوە. دەکەوێتە سەر چۆک و سەری بەرەو زەوییەکە نزم دەکاتەوە).

ملپەڕێنراو، لەگەڵ گشت ئەندامانی خێڵەکەمدا، لە لایەن بوونەوەرانی نەناسراوی سپییەوە. خوای ئەوان، لە خواکەی ئێمە بەدەستەڵاتتر بوو.

(هەڵدەستێتە سەرپێ. دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی).



**یوداس** (دێتە پێشەوە).

من "یوداس ئێسکاریۆت"م، ئەوەی خۆی، خۆی هەڵواسی!

(دەگەڕێتەوە جێی خۆی).

**ژان دارک**: (دێتە پێشەوە).

ژان دارک، خەڵکی دۆمرەمی. مردوو لە پێناوی فرانسادا.

(دەگەڕێتەوە جێی خۆی).

**سۆکراتەس**: (دێتە پێشەوە).

سۆکراتەس، خەڵکی ئەسینا، ئەوەی پێکەژهەرەکەی چۆڕبڕ کرد.

(ئەگەڕێتەوە بۆ جێیەکەی خۆی لە نیوەبازنەکەدا).

**هەموو پێکەوە**:

ئێمە تاوانبار دەکەین! ئێمە تاوانبار دەکەین! ئێمە تاوانبار دەکەین!

**مەسیح**: (لە نیوەبازنەکە دێتە دەرەوە، بەرەو نێوەڕاستی شانۆکە دەڕوات).

من عیسای مەسیحم، ئەوەی لە خاچ درا، من کەس تاوانبار ناکەم.

(خۆی دەچەمێنێتەوە. دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی).

**یوداس**: (دیسان دێتەوە پێشەوە).

منیش کەس تاوانبار ناکەم؛ چونکە وەک وتم، خۆم خۆم

هەڵواسی. لەڕاستیدا مەبەستم نەبوو، بەڵکو پێم وابوو ئەو پارانەی هەمبوون دەبوونە مایەی شادمانیم. سی پارەی زیوین، خراپ نییە. مرۆڤ دەتوانێت لەبریان زۆر شت بەدەست بهێنێ. خواردنی خۆش، شەرابی خۆشیش، هێندەی پیاو بتوانێ بیخواتەوە. بێ لەوەیش کچێک کە بتوانی دەستبازیی لەگەڵدا بکەی. "لە ئۆرشەلیم کچی دڵکێش و قەشەنگ زۆرن." وام بیر دەکردەوە بۆ ماوەیەک سەربەست بم و خۆ بەهیچ شتێکەوە نەبەستمەوە. ئۆه ـ خوای گەورە! پیاو لە ئادەمیزادێک زیاتر نییە. بەڵام بۆ تەنیا شەوێک! پاشان دەمویست پارەکان بۆ شتی تر بەکار بهێنم. دەمویست پارچە جلێکی زۆر ناسک و جوان بکڕم، کە دەمزانی دەتوانم بەبیست، بیست و پێنج دینارێک بەدەستی بهێنم. بەقاچاغ! پارچە جلێک کە دواتر دەمتوانی لە ماڵە دارا و دەستڕۆیشتووەکان بەنرخێکی کەمێک لە سەروو نرخی ئاساییی خۆیەوە بیفرۆشمەوە و بەو شێوەیەش پارەیەکی زۆرتر بەدەست بهێنم. بەو دەستکەوتەیش، دووکانێکی بچووک بکەمەوە و شتی تێدا بفرۆشم، شتێک کە خەڵکی پێیان وایە پێویستیان پێیەتی، شتی بێ نرخ، هەر شتێک. کاتێکیش پارەیەکی باشم لە ڕێی دووکانە بچووکەکەوە پێکەوە نا! ئەوسا ڕوو لە (بۆرسە) بکەم. لەوێش، لە بۆرسە، پیاو زۆر بەئاسانی دەتوانێ سەروەت و سامانێکی باش بەدەست بهێنێ. پاشان، دەوڵەمەند دەبووم و دەبوومە خاوەنی پاڵتۆی فەروو، ئۆتۆمۆبیل و ماڵێکی تەواویش لە شەقامێکدا کە گرانترین شتومەکی لێ دەفرۆشرێ، هەروەها ژنێکی جوان و دۆستێکی جوانیشم دەبوو. ئا بەو جۆرە،



ژیانێکی خۆش و خۆشگوزەرانییەکی تەواوم بەدەست دەهێنا. ئاوها بیرم لێ کردبووەوە. خوای گەورە و میهرەبان! پیاو لە ئادەمیزادێک زیاتر نییە.

ئەم دەزانی، ئەوەی دەیفرۆشم، کوڕی خوا بوو. تا دواتر، کاتێک ئیتر کار لە کار ترازابوو، بۆم دەرکەوت. ئەوکات ئیتر ئەویان لە زیندان توند کردبوو. پاشان بینیم، کە چۆن دەست و پێ بەستراو و ئازاردراو بە دوای خۆیاندا کێشیان دەکرد. ئەوسا، لە پشت دەروازەیەکەوە وەستابووم و تێم دەڕوانی. خۆشبەختانە ئەو منی نەبینی. دەبەنگ بووم، ڕۆژی دواتریش بە تەواوی بێزم لە خۆم دەکردەوە. کاتێکیش بیرم لەوە کردەوە کە چ کارێکم کردووە، سووک و هاسان، خۆم هەڵواسی.

بێجگە لەوەیش، لە پارەکان هیچی نەمابووەوە و لە دووکانەکە و لە شتەکانی تریش هیچ پەیدا نەبوو، دەنا، لەوانە بوو، خۆم هەڵنەواسیایە! چووزانمدا!

(دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی).

**گیۆردانۆ برونۆ**: (دێتە پێشەوە).

من "گیۆردانۆ برۆنۆ"م؛ قوربانی لەڕێی زانستدا. لەگەڵ ئەوەیشدا کە بە خراپی بەسەر خۆمدا شکایەوە، بەڵام، دڵ پڕ لە هیوا، بڕوای تەواوم بە زانست هەبوو. بێ دوودڵی، زانست ڕێی ڕاست پێشانی مرۆڤ دەدات و دەبێت بە هۆی دواییهێنان بە هەموو گریمانە بێبنەما و هەڵبەستراو و سەرلێشێوێنەکان و دەبێتە مایەی شادبوونی گەلانی سەر ئەم زەمینە. زانست،

دەبێتە مایەی بەختیاریی هەموو مرۆڤایەتی و گۆڕانی هەموو شتێک. بەداخەوە، پێڕانەگەیشتم تام و چێژ لەو کاتە بکەم، کە ئەو گۆڕانکارییانەی تیادا ڕوو دەدەن. ئەگەر لە چەند چاخێکی دواتر لە ئێستادا لە دایک بووبوومایە، دڵنیام کە هیچ ئاگرێک بۆ سەرنەویکردنی هەقیقەت نەدەکرایەوە. کاتێک لە نێوەڕاستی ئاگرەکەدا وەستابووم و کڵپەکانی لەشیان دەلێستمەوە، دەمڕوانییە داهاتوو. داهاتوو ڕووناک بوو، ڕێک وەک ئەوەی سەیری دنیایەکی جیاوازتر لەم دنیایە بکەی. لەبەرخۆمەوە بە خۆمم وت: خۆزیا، لەو دنیایەدا بژیامایە. بوون لە دنیایەکی ئاوهادا ناخۆش نییە. پاشان، دووکەڵەکە خنکاندمی و ئیتر نەمزانی دواتر چی ڕووی دا.

(دەگەڕێتەوە جێی خۆی).

**ڕیکارد**: (دێتە پێشەوە).

ئێمە ئامێرێکی ڕاگەیاندنمان، بە هۆی بەدەستهێنانی چەند کەرەسەیەکی پێویستەوە، پێک هێنابوو. چۆن کەرەسەکانمان دەست کەوتبوو، گرنگ نییە. بێجگە لەوەیش هەرچییەکی تر کە پێویست بووبێ بۆ بەجێگەیاندنی ئەو کارە، بە دەستمان هێنابوو. بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک بەو کارەوە خەریک بووین، کاتێکی زۆر خۆشمان لەگەڵدا بە سەر برد. هەمیشە لەگەڵ (هێلگە) و (ئیڤار)دا هەر خەریکی گوێگرتن بووین لە دەنگی جریوە و جووکەی باڵندان لە ڕادیۆوە. لە ژووری دارتاشییەکەی ماڵی خۆماندا، کە کردبوومان بە وەرشەیەکی تەواو، بە ڕاپەراندنی ئەو کارەوە خەریک بووین. ئاخرییەکەی لە



کارەکەماندا سەرکەوتین و دەستمان کرد بە هەناردن، پاشان چووین بۆ لای (ئەنتۆن) کە پێمان وابوو یەکێک بوو لە ڕابەرەکانی دەستەی بەرهەڵستکاران و لە کارەکەمان ئاگادارمان کرد. پێمان ڕاگەیاند کە ئێمەیش دەخوازین لەگەڵیاندا بین و هەر لەبەرئەوەیش ئەو ئامێرەمان دروست کردووە کە هێزی سی واتیی هەیە. ئەوانیش هاتن بۆ پشکنین و کارەکەیان پەسەند کرد. پاشان، دەستمان کرد بە ناردنی ئەو ڕاگەیەندراون و ڕاپۆرتە نهێنییانەی، شەوانە، بۆیان دەهێنایین. کارێکی زۆر خۆش بوو، بێ لەوەیش لە پاداشتی ئەو کارەدا بووین بە مایەی پەسن و پیاهەڵدانی ئەوان. بەڵام ئاخرییەکەی بەدزییەوە پێیان زانیبوو لە کوێوە ئەو ڕاگەیەندراون دەنێردرێن و جێیەکەیان دەستنیشان کردین، هەر دوای ئەوەیش دایان بەسەرماندا و کاتێک هاتن من تەنیا بووم. هەندێ جار بووبوو بە خووم، ئەگەر هەناردنیشمان نەبووایە، من هەر دەچوومە ئەوێ، چون لەوێ هەمیشە شتێک هەبوو خۆتی پێوە خەریک بکەی. ئەوسا (هێلگە) و (ئیڤار) لە خوێندنگە بوون. دواتریش نەزانرا کە ئەوانیش هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ کارەکەدا بوون. بەو جۆرە تەنیا یەکێکمان گیراین. بەڵام دەیانزانی کە بە تەنیا خۆم بەو کارەوە خەریک نەبووم، لەبەرئەوە زۆر لەگەڵمدا خەریک بوون. پاشان، بەیانییەکی دووشەممە، لەگەڵ پێنج کەسی تردا کە نەم دەناسین، گوللەباران کراین.

ئەوەی کە دڵتەنگی کردووم، ئەوەیە کە ئیتر ناتوانم (ئیلسە) ببینمەوە. (ئیلسە) چاکترین و جوانترین کچێک بوو کە

دەمناسی. پێم وا نییە قەت کچێکی ئاوها هالیکار و خەمخۆر هەبووبێ. بەرلەوەی ئەوە ڕوو بدا، ساڵێک بوو یەکترمان ئەناسی و هەموو ئێوارانێک پێکەوە دەبووین، یا دەچووینە قاوەخانەیەک، یا دەچووینە ئاهەنگ و سەما، یا شتی ئا لەو جۆرە. ئەو ئێوارەیەش کە گیرام، دەبوو یەکترمان ببینیایە، دڵنیام کە ئەو چووبوو بۆ باخچەکە و چاوەڕوانی دەکردم، لە زیندانیشدا بە درێژاییی کات هەر بیرم لەوە دەکردەوە.

ئێستا ئیتر ناتوانم لەگەڵ هیچ کچێکدا بگەڕێم و ناتوانم جارێک لە جارانیش بژیم. پیاو، کاتێک تەمەنی تەنیا ١٧ ساڵان بووبێ، ناتوانێ بلێت ژیاوە. هەر ئەمەیشە کە بە تەواوی دڵتەنگی کردووم.

(ئەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی، بەڵام با دەداتەوە و دێتەوە پێشەوە).

ئەگەر بژیامایە دەبووم بە تەکنیککاری ڕادیۆ.

(دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی).

**جۆو**: (دێتە پێشەوە).

من "جۆو"م، ئەوەی سەکسیفۆنێکی هەبوو. ئێواران، بۆ ئەوەی خەرجی کڕینەکەی دەربهێنم، لە یەکێک لە بارەکاندا کاری زیادەم دەکرد. ناچار بووم ئەو مووچەیەی ڕۆژانە لە کارگە دەستم دەکەوت، لە ماڵەوە بۆ دایکمی بە جێ بهێڵم. ئەو ڕۆژەی کە توانیم سەکسیفۆنەکە بکڕم، لە خۆشیاندا، خەریک بوو شێت بم. هێندە ناسک و شەوقدار بوو هەر مەپرسە!



دەمەوانەکەی لە زیو و دەمەکەی لە ناوەوە زەرکەفت کرابوو و بایی ٢١٠ دۆلار بوو. بەڵام قەت پێ ڕانەگەیشتم بە باشی خۆم فێر بکەم، چون ئەو شەوە کە دەستم لە کار هەڵگرت، دەستیان کرد بە هاوارکردن: "بیگرن! بیگرن!" منیش خۆم کرد بە باخچەکەدا و وەک هەر کاتێکی تر ئەو ڕێیەم گرتە بەر کە هاتوچۆم پێیدا دەکرد، ئەمە چەند ڕۆژێک دوای کڕینی سەکسیفۆنەکە بوو. هاواریان دەکرد، ژنێک و چەند کەسێکی تر بوون، هاواریان دەکرد و تێ نەئەگەیشتم بۆچی دەیانقیژاند، هێندە نەبێ کە دەیانقیژاند: "قوللەڕەش!" و دەستم کرد بە ڕاکردن. هێندەی لە توانامدا بوو ڕام کرد، لە ترساندا خەریک بوو هار دەبووم و ڕام کرد، ئیتر ئەوانیش بە دوامدا دەستیان بە ڕاکردن کرد و هەموو پێکەوە دەیانقیژاند. لە دەرگاکەی ئەوسەرەوە چەند کەسێکی تر گەیشتنە سەرم، دامیان بە ئەرزدا و دەستیان کرد بە داپڵۆسین و شەقتێهەڵدانم و...

بۆ ماوەیەک دەست دەخاتە سەر چاوەکانی و...

... نەمویست هەمبێ. بە هیچ جۆرێک حەزیان لێ ناکەم. قەت لەگەڵیاندا سەمام نەکردووە، چونکە حەز لەوە ناکەم سەمایان لەگەڵدا بکەم. نازانن ڕێکوپێک سەما بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار، کاتی مەستبوون، منیان ویستووە، بەڵام من قەت نەمویستوون. پێم وایە، بۆنێکی سەیریان لێ دێت. بە هیچ جۆرێک حەزم لێیان نییە.

زۆر حەز لە سەماکردن دەکەم، لە سەما خۆشتر نییە. بەڵام من هەمیشە لەگەڵ کچە ڕەشپێستەکاندا سەمام دەکرد، هەر

ئەوانیش تەنیا کەسانێکن نزیکییانم پێ خۆش بێ و حەزم لێیان بێ. ئەوان وەک پێویست سەما دەکەن و هەموو شتێکیش لەگەڵ ئەواندا خۆشە.

ئێستا ئیتر ناتوانم سەما بکەم و قەتیش بەشێوەیەکی ڕێکوپێک فێری لێدانی سەکسیفۆن نابم، هەرچەندە دەزانم کە دەمتوانی فێر ببم و ٢١٠ دۆلاریشم پێ دابوو. لەوانە بوو، ببم بە یەکێک لە بەشدارانی گرۆپەکی (جاس) وەک ئەوەی خەونم پێوە دەبینی، چەند خۆش بوو لەگەڵ گرۆپەکی ئاوهادا خەریک بیت و زۆربەی کات مۆسیقا لێ بدەی.

ئێستا نە دەتوانم مۆسیقا لێ بدەم و نە دەشتوانم سەما بکەم و قەتیش ناتوانم کچێکی تر ببینم. نە (لیزی)، نە (پێگی) و نە (بێس)، هیچیان، ئیتر ناتوانم هیچیان ببینم. هەروەها چیتر ناتوانم بە یەکێک لە شەقامەکاندا بڕۆم. زۆر ناخۆشە نەتوانی بژی، نەتوانی چیتر پێ بکەنی و دڵشاد بی، یا ئێواران، دوای دەست لە کار هەڵگرتن ، لە پەنجەرەکەدا دابنیشیت و مۆسیقا لێ بدەیت. چەند خۆش دەبوو، ئەگەر بمتوانیایە ئەوەم بکردایە. ئەوەش کارێکی هەر زۆر ئاسان بوو. زۆر شتی تریش دوور نەبوو لێی ڕوودابام. زۆر شت لەوانەی خەونم پێوە دەبینین.

من (جۆو)م، ئەوەی سەکسیفۆنێکی هەبوو.

(بەڕێزەوە خۆی دەچەمێنێتەوە و دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی).

**شەهید**: (دێتە پێشەوە).

کاتێک لە کونجی زینداندا، لە ژێر پێپلیکانەکاندا، دانیشتبووین



و چاوەڕوان بووین، (مارکۆس فلاپیوس) وتی: "با هێندەیش خەمبار نەبین هێزمان لە بەر ببڕێ، با وا بیر بکەینەوە کە ئەم دنیایە هێندەیش خۆش نییە، بەڵکو دنیایەکی بەد و گرانە بۆ ژیان. کەواتە بۆ دەبێ بەوە خەمبار بین کە جێی دەهێڵین. ژیان لەسەر ئەم زەمینە بووە بە زیندانێک بۆ ئێمە، ئیتر بۆ دەبێ بەوەی کە جێی دەهێڵین شاد نەبین." هەموومان هەر هەمان دیتنمان هەبوو. (دروسوس)؛ کوڕەکەی (سیلاس)یش، دەستی کرد بە خوێندنەوە لە بارەی ئەوەوە کە فریادڕەسەکەمان دەژی و ئێمەش پێکرا لەگەڵ ئەودا بە گۆرانی وتمانەوە. بەو جۆرە ترس و خۆفی خۆمان دامرکاندەوە. شەڕ و بەیەکدادانیش لە دەرەوە هەر بەردەوام بوو، هاوار و قیژەقیژی ئەو خەڵکەش کە لەسەر پێپلیکانەکان دانیشتبوون دەگەیشتنە ئێمە. کە هاوار و قیژەقیژەکە بڕایەوە، تێگەیشتین شەڕ و هەراکەی دەرەوە کۆتاییی هاتووە و ئیتر نۆرەی ئێمەیە. ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد و بۆ ماوەیەکی درێژ دەستی یەکترمان گوشی. کاتێکیش پاسەوانەکە هات بۆ ئەوەی بمانبا، کەوتینە سەر چۆکان و وتمان: "خوای گەورە و بەبەزەیی، گیانی خۆمان بە تۆ دەسپێرین." دواتر هەستاین و بەرەو مەیدانەکە بە ڕێ کەوتین.

(دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی، لەناو ڕێزەکەدا).

(ئاوازێکی تایبەتی ئاینیی گاوران لێ دەدرێ. پاش ماوەیەک بەرەبەرە دەگۆڕێ بە ئاوازی (بلوز). جۆو و ڕیکارد لە ڕیزەکە دێنە دەرەوە و هەریەک بۆ خۆی لەگەڵ ئاوازەکەدا، بە جۆرێک وەک ئەوەی هەریەکەیان باوەشی بە کچێکدا کردبێ، دەست بە

سەما دەکەن. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک لە سەماکردن بەردەوام دەبن، لەپڕ ئاوازەکە دەبڕدرێ، ئەوانیش لە سەما ئەکەون، بەڵام بۆ ماوەیەک بە هەمان شێوەی پێشوو دەمێننەوە. پاشان دەستیان شل دەکەن و دەگەڕێنەوە جێیەکانی خۆیان).

(جریوەی باڵندان دێتە بەر گوێ).

(پاوڵۆ و فرانسێسکا، پێکەوە، لەسەر شانۆکە، دەست بە هاتوچۆ دەکەن).

**فرانسێسکا**:

ئێوارەیەکی چەندە جوانە. باخچەکە هەمووی پڕ بووە لە بۆنی گوڵ و بولبولیش ئەخوێنێ. دەبێ لە بارەی چییەوە بخوێنێ؟

**پاوڵۆ**:

لە بارەی ئەڤینی ئێمەوە دەخوێنێ. چۆن دەکرێ لە بارەی شتێکی ترەوە بخوێنێ. لە بارەی ئەوەوە دەخوێنێ کە ئێمە چۆن یەکترمان خۆش دەوێ...

**فرانسێسکا**:

ئا، لە بارەی ئەوەوە چۆن یەکترمان خۆش دەوێ...

(دەوەستن و گوێ دەگرن).

**پاوڵۆ**:

ئایا ئەمە ساتێکە، بەشێکە لە کات، شتێکە لە ئێستادا؟ نا، خۆشەویست، نابێ ئەوە بێ. کات بوونی نییە، بێجگە لە ئەڤین شتێکی تر بوونی نییە.



**فرانسێسکا**:

نا! بێجگە لە ئەڤین شتێکی تر بوونی نییە...

(ئەڕۆن – فرانسێسکا ئەوەستێ و سەیری خوارەوە دەکا).

ڕووبارەکە چەند هێمن دەڕوا، هێندە هێمنە بە ئاستەم جووڵەکەی دەبینرێ.

**پاوڵۆ**:

بۆ لەوە دەپرسی؟ تەنیا ڕووبارەکە نییە، درەختەکانیش ناجووڵێن. هەموو شتێک هێمن و بێ جووڵەیە، چونکە یەکترمان خۆش دەوێ. تەوژمی کاتە...

**فرانسێسکا**:

دەمەوێ پەڕەی گوڵان بچنمەوە و بە ئاوەکەدا بیانپرژێنم، بۆ ئەوەی ببینم ئاخۆ دەجووڵێ یان نا.

**پاوڵۆ**:

نا خۆشەویست، وا مەکە! ئەو تەلیسمە مەشکێنە کە بەندی کردووین.

**فرانسێسکا**:

بۆ لەوە دەترسی؟ بۆ لە هیچ شتێک دەترسی؟ مەترسێ. چیمان هەیە لێی بترسین.

(خۆی دەچەمێنێتەوە و گوڵێک دەکاتەوە. پەڕەکانی لێ دەکاتەوە و بەسەر ڕووبارەکەدا بڵاویان دەکاتەوە).

سەیرکە، بەدەم ئاوەکەوە دەڕۆن! ئاوەکەش لە بەری دەڕوا.

**پاولۆ**:

ئێستا ئیتر کات گەڕایەوە. چرکەکان، خولەکەکان و ساتەکان هەڵدێن. بەم زووانە دەمرین.

**فرانسێسکا**:

ناوی مردنی لێ مەنێ. دەستم بگرە خۆشەویست، لێ گەڕێ دوای ڕووبارەکە بکەوین.

(لەگەڵ ڕووبارەکەدا دەڕۆن. پاشان دەگەڕێنەوە، جێیەکانی خۆیان لە ڕیزەکەدا).

**ژان دارک**: (دێتە پێشەوە).

منیش، گەلێ خۆشەویستیم کردووە، بەڵام من وڵاتێکم خۆش دەویست. بە هیچ خۆشەویستییەکی تردا نەگەیشتم. پێم وایە لە ئێستادا بیرکردنەوە لەوە، وەک ئەوەیە مایەی کەمێک خەمینی بێ، چونکە هەرچۆنێک بێ، منیش وەک هەر کچێکی تر، کچێکی ئاسایی سەر ئەم زەمینە بووم و ئەمتوانی بە هەمان شێوەی ئەوانی تر بم. ئەگەر بۆم بلوایە، دەمخواست و دەمتوانی شوو بە یەکێک لە کوڕەکان بکەم لە دۆمرەمی، کوڕێک کە بە ڕاستی خۆشم بویستایە و وەک ژنەجووتیارێکی بەختەوەریش لە یەکێک لە کێڵگەکانی ئەوێدا بژیامایە. بەڵام دەنگەکان داوای شتێکی تریان لێ دەکردم. ئیتر بەو شێوەی لێهات کە لێی هات. پێتان وا نەبێت لێی پەشیمان بم، بەڵام پێشتان وا نەبێ بێ بەریبوون لەو شتانەی کەسانی تری ئاسایی پێی شاد و خەنی دەبن، هێندە خۆش بێ. تەنیا شادییە



من، ئەوە بوو لە پێناوی وڵاتەکەمدا خۆم بەخت بکەم و ئەوەیش شادییەکی پڕ لە ئازار بوو.

پاشان نەمزانی ئەو خۆبەختکردنە چ خزمەتێکی کرد. بەڵام هیوادارم بێ سەمەر نەبووبێ. هیوادارم فرانسا ڕزگار بووبێ و بووبێ بە وڵاتێکی بەختەوەر.

(دەگەڕێتەوە جێی خۆی).

**کۆمتێس دۆ لارۆچی مۆنتفاوکۆن**: (دێتە پێشەوە).

من هیچ بایەخێک بۆ ئەو شتە دانانێم کە ئێوە بە (خەڵک) ناوی دەهێنن؛ ئەوەی بە ناوییەوە، خۆشبەختانە، منتان تاوانبار کرد. نەک هەر هیچ گرنگییەک، بەڵکو، هەر ناشزانم چییە. لە بارەی هەبوونی شتێکی ئاوهاوە، بیستوومە، بەڵام هیچ هۆیەکم لە دەستدا نەبووە لێی نزیک ببمەوە و لێی بە ئاگا بم. لەبەرئەوە، دەشێ، کاتێ هیچ شتێکم لە بارەوە نەزانیوە، ڕێکەوت وا بووبێ سەرپێچیم لێی کردبێت. لە بارێکی ئاوهایشدا، هیچ پەشیمان نیم، چونکە ئەوەم بە لاوە گرنگترە، لەوەی تێکەڵی خەڵکی ڕەشوڕووت ببم. ئەمەیش لەسەرخۆ بەدەنگهاتنی منە! ئەگەر شتێکی ئاوها پێویست بکا!

لەوەیش زیاتر شتێکی ترم، بۆ وتن، هەبێ؟ نا، هیچ شتێکی ترم نییە!

ئێستا ڕێ دەدەن ئەم (هاووڵات)ە بگەڕێتەوە زیندانە پیس و پەڵۆخەکەتان؟ سوپاستان دەکەم، بەڕێزان!

(ئەگەڕێتەوە جێی خۆی).

**مسکێن**: (دێتە پێشەوە، بە پەنجەکانی یاری بە کڵاوەکەی دەکا).

ئا، ئا بێگومان دەیکەم. بێگومان بردم. کاتێک گەیشتمە گەنجینەکە، چەندان پارچەگۆشتی جیا جیا هەڵواسرابوون و ئیتر بیرم کردەوە ئەگەر پارچەیەکیان بۆ ببەم، پێی نازانرێ و بەو پارچەیەش هیچ نابێ، لە کاتێکدا ئەو هەمووەی لێیە. لە خەیاڵی ئەوەدا نەبووم پارچەگۆشتێک ببەم، چون بە کارێکی تر بۆ ئەوێیان ناردبووم، بۆ ئەوە نێردرابووم خوێ بێنم، بەڵام پێم وابوو خراپ نەبوو پارچەگۆشتێکیشت هەبێ، چونکە لە ماڵەوەمان کەم جار ڕێک دەکەوت خواردنی باشمان هەبێ، ژنەکەشم هەمیشە بۆڵەبۆڵی بوو، لەبەرئەوەی شتێک نەبوو بیدا بە مناڵەکان، نا... نا! خۆم ناپەڕێنمەوە و بەرگری لە خۆم ناکەم. تەنیا ئەوەندەیە دەمویست بڵێم، کە بردم. ئا، دزیم! بێگومان دزیم، دەشمزانی کە ئەوە گوناهێکی گەورەیە هەم لە بەرانبەر خودا و هەم لە بەرانبەر خەڵکیشدا. بەتایبەتیش، لە بەرانبەر (گوبێرت)دا، – ئەو پیاوەی کاروبارەکانی کێڵگەکەی لە ئەستۆدا بوو – هەروەها لە ئاست (لۆرانت)دا، – ئەو پیاوەی کێڵگەکەی بە کرێ دابوو –، بێگومان، لە بەرانبەر خاوەنشکۆشدا، بەڵام ئەوسا بیرم لەمیان نەکردەوە، چونکە ئەوم هەرگیز نەبینیوە. بێگومان ناهەقی بوو، ناهەقییەکی گەورە، ئێستا ئیتر دوای ئەوەی کار لە کار ترازاوە، تێ دەگەم. خوایە لە گوناهم خۆش بە.

(گوێ دەگرێ، ڕاوەستاوە و بە سەری ڕەزامەندیی خۆی پێشان دەدا).



ئا! ئا!

(وەک ئەوەی یەکێک پاڵی پێوە بنێ، ڕادەچڵەکێ).

(دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی لە ڕیزەکەدا).

**جادووگەر**: (دێتە پێشەوە، دەکەوێتە سەر چۆک).

دەمەوێ دانی پێدا بنێم! دەمەوێ دانی پێدا بنێم! دەمەوێ باری گرانی دڵم سووک بکەم و دانی پێدا بنێم! بە درێژاییی ژیانم، لەگەڵ گیانە بەدخووەکاندا هەڵسوکەوتم کردووە. هەر لە تافی مناڵیمەوە لەگەڵ ئەواندا هەڵساوم و دانیشتووم. شەوانە دەهاتن بۆ لام، نەم دەوێرا بنووم، چونکە دەمزانی دێن بۆ لام! لەگەڵ شەیتان خۆشیدا هەڵسوکەوتم کردووە، چەندان جار هاتووە بۆ لام. ئەو وەک بزنێک مووینە و بۆنی بزنیشی لێ دێ. هیچ کات ئارەزووم لێ نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناچار بووم بیکەم، ئەو فەرمانم بەسەردا دەدا و منیش ناچارم چۆن دەڵێ وا بکەم، ئەگەرنا قەت لێ ناگەڕێ بسرەوم! ئەو سەروەری منە و دەبێ خۆ بەوەوە ببەستمەوە. ئەو تەنیا کەسێکیشە کە گرنگیم پێ دەدا و بە خەم و خۆشیی منەوەیە. من، لە خوا؛ ئەوەی لە ئاسماندایە، پاڕاومەتەوە، بەڵام هیچ گرنگییەکی پێنەداوم و بە دەنگمەوە نەهاتووە، بەڵام شەیتان یارمەتیم دەدات و کتومت لە بزنەکەمان دەچێ. ئەو بزنەی لە دەمی مناڵیدا هەمانبوو و زۆریشم خۆش دەوێ. بەڵام ئەوەی لەگەڵ ئەودا کردوومە، هەرگیز نەبووە بە مایەی شاد بوونم، بە هیچ جۆرێک. کردوومە، تەنیا لەبەرئەوەی هێمنیم بداتێ. ئا بەم جۆرەیە و هیچی دی. ئێستا ئیتر دانم بە هەموو شتێکدا نا و

دەتوانن چیتـان دەوێت دەرهەق بە من، بیکەن. سزاکەم قـەت گەورە نابێ و هیچ شتێکیش هێندەی ژیان گران نییە.

**سۆکراتەس**: (دێتە پێشەوە).

(کاتێک دەبینێ (جادووگەرەکە) لەوێدا کەوتووە و دەستەکانی خۆی با دەدا).

بۆ وا دەکەی؟

(کە جادووگەرەکە وەڵام ناداتەوە).

بۆ دەستەکانی خۆت با ئەدەیت؟ دەتەوێ بمری؟

**جادووگەر**: (گوێ لە پێشەوە دەگرێ و گوێ لەو ناگرێ).

ئا، ئا، دەمەوێ بمرم. ئا، بمنێنە ژێر گڵ، ئەوێ جێ و ماڵی منە. بمنێنە ژێر خـاک، تا بۆ دوایین جـار بە ئارامی شـاد ببم و بسرەوم.

(هەڵدەستێتە سەر پێ و بەرەو تاریکییەکە دەڕوا).

**سۆکراتەس**: (پێ دەچێ، وەک من، بە شتێک تاوانبار کرابێ. بەڵام دەبێ سەر بە کەسانێک بووبێ، کە بەتەواوی بە من نائاشنان).

سەبارەت بە خۆم، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر دادگا بڕیاری خۆی بەسەردا داوم. ئێستاش لە چاوەڕوانیی جێبەجێکردنیدام. مرۆڤەکانن کە بڕیاریان بەسەردا داوم. لەبەرئەوە بڕیارێکی وا تا ڕادەیەک ناتەواوە، چونکە ئەوان بۆ خۆیان بێ هەڵە نین، لەبەرئەوە پێویست ناکات بیر لەوە بکەیتەوە کە بڕیاری دادگەرانەشیان بێ هەڵە نەبێ. بەمە مەبەستم ئەوە نییە



بڕیارێکی ئاوها دەبێ سەخت و بێ بەزەییانە بێ. بێگومان نا، بەڵکو مەبەستم تەواو بە پێچەوانەوەیە. لەڕاستیدا، ئەوان نیازیان وا بووە، کە بڕیارێکی ئاوها، سەخت و بێ بەزەییانە بێ، بەڵام لەبەر کەموکووڕی لە بیرکردنەوەی دوای هەر بڕیاردانێکیاندا، بەشێوەیەکی ئاسایی شوێنەون دەبن. بیر بکەرەوە! کاتێک ئەوان لە ئێستادا، بێ بەزەییانە، بڕیاری دادگام بەسەردا دەدەن، تەواو بێ هیچ کەموکوڕییەک، داوای لاشەکەم دەکەن و بەسەر ئەودا زاڵ دەبن؛ لاشەیەک کە هەمووتان ئەتوانن بیبینن، بێنرخ و شتێکی پڕ لە کەموکووڕییە. بەڵام ڕێ دەدەن ڕوحم، ڕوحم ئازاد بێ و هیچ گرنگییەکی پێ نادەن. ئەمە مایەی گاڵتەجاڕی نییە؟ بیرەکانیشم، کە لە ڕاستیدا تاوانباری سەرەکیی ئەوانن، لەکاتێکدا لە پێناوی ئەواندا سزای من دەدەن، ڕێ بە ئەوان دەدەن هەڵبێن و چۆنیان بووێ و بە هەر لایەکدا بیانەوێ، بڵاو ببنەوە، هیچ کەسێک کاری بە کێشەی لەناوبردن و کوشتنی ئەوانەوە نییە. ئەمە گاڵتەپێکردنە، وا نییە؟ لەڕاستیدا مایەی گاڵتە و قەشمەرین؟

بۆ ئەوەی بە گرنگییەوە بدوێین، پێ ئەچێ بە دادگایەکی هەڵە درابێتم. من لە لایەن مرۆڤانەوە بە دادگا سپێردراوم، بەپێی یاساکانی ئەوان، بەڵام من ملکەچی خواکانم نەک خەڵک. ملکەچی یاسا یەزدانییەکانم، نەک یاسا مرۆڤییەکان. چ کارم بەسەر جۆری پێڕەوکردن و سەپاندنی یاساکانی مرۆڤەوە نییە، یاسا و بڕیارەکانیان من ناگرنەوە. کاتێکیش سزاکەم بە جێ دەهێنن؛ ئەو سزایەی کە پێیان وایە زۆر سەخت و بێبەزییانەیە،

لەڕاستیدا یەکسانیی ڕاستەقینە دەچەسپێنن و بەو دادگایەم دەسپێرن کە دادپەروەریی ڕاستەقینەم بەسەردا دەسەپێنێ و منیش هەر لەوێدا جێ دەگرم و بڕیارەکانی هیچ دادگایەکی تر لەگەڵ مندا ناگونجێن. هەر ئەو دادگایەش، دواتر دادەکەی ئەوان بەتاڵ دەکاتەوە و بە نادادی دەناسێت. ئەو دادگایەی، ئازاد و سەربەستم دەکا، بە هەمان شێوە کە دادوەرەکانم بۆ خۆیان سەربەست و ئازادن. هەر لە ئێستاشەوە بۆ لێپرسینەوە لەو دادگایەدا بانگ کراوم و ڕۆحیشم هەر لە ئێستاوە هی ئەوانە و لە ژێر پارێزگاریی یەزدانیدام.

بۆیە مرۆڤەکان؛ ئەوانەی تاوانباریان کردبووم، ئەم بەیانییە، ڕێیان دا دەستبەندەکانم بکرێنەوە، خزمەتکارەکەی خۆیان نارد بۆ ئەوەی لە دەستبەندەکانم ڕزگارم بکا و لەگەڵ کردنەوەیاندا پێی ڕاگەیاندم: "ئەمڕۆ دەمری. لە ئێستاشەوە هیچ دەسەڵاتێکم بەسەر تۆدا نییە، چیدی هی من نی."

کارێکی پڕمانایە، وا نییە؟ ئەمە خوویەکە کە دەبێ مایەی گرنگیپێدان بێ لە لایەن بیرکار و فەیلەسووفانەوە، چونکە مانایەکی زۆری لە نێو خۆیدا هەڵگرتووە.

بەڵام بۆ کەشتییەکە دواکەوت لە (دەلۆس)ەوە؟

بۆ ماوەیەک لە تاریکییەکە دەڕوانێ.

بنوارە، لای ئێمە، تا کەشتییەکەی (ئەپۆڵۆ) بەڕێوە بێ و ئەو کەسانەی تێدا بن کە بە گوڵ ڕازێنراونەتەوە، تا ئەو کەشتییەی حەوت کیژ و لاوەکەی تێدایە، ئەوانەی بۆ پیرۆزیی خواوەندی



ڕووناکی ماونەتەوە، لە هاتوچۆدا بێ بۆ (دەلۆس) و قوربانی بۆ ئەو ببەن، کەس لە ژین بێبەری ناکرێ. ئەوکاتە بۆ ئێمە پیرۆزە، زۆر پیرۆزە. بەڵام کاتێک دوای بەجێهێنانی خزمەتیان لە پەرستگاکەی خواوەندی ڕووناکییەوە گەڕانەوە، ئەوسا ئیتر سەرلەنوێ نۆرەی قوربانیدان و نۆرەی خوێنڕشتنە و پێکەژهەرەکەیش بۆ من ڕادەگیرێ.

لەوانەیە ئەمە بە کارێکی سەیروسەمەرە بێتە پێش چاوتان، بێگومان هەر وەهایشە. بەڵام جارێک لە جاران ئەو کارە ڕەوتی ئاساییی خۆی وەرگرتووە و ئیتر ئەبێ بە چ هۆیەکەوە مایەی تێڕامان و لێوردبوونەوە بێ؟ ئێوە دەزانن مرۆڤەکان چۆنن، دەیاننناسن، وا نییە؟ ئێوە بۆ خۆیشتان مرۆڤن.

وەک وتم، دیسان دەبێت، بێ ڕوودانی تاوان، یا لە ئاکامی ڕوودانی تاوانەوە، خوێن بڕێژرێ. ئەوکاتیش هەموو شتێک ئەگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی و ڕۆژانەی خۆی و دەرهەق بەوەیش هیچ ناتوانرێ بکرێ. جەژنەکەیش، سووک و هاسان، کۆتایی دێ.

لەبەرئەوە لە خۆم دەپرسم بۆ دواکەوت، بۆ کەشتییەکە لەنگەر ناگرێ و لاوەکانیش، بە کچ و کوڕیانەوە، ملوانکەگوڵینەکانی ملیان لە خۆیان ناکەنەوە.

(دەگەڕێتەوە جێی خۆی لە ڕیزەکەدا).

**کۆرس، هەموویان پێکەوە**:

ئێمە تاوانبار دەکەین، تاوانبار دەکەین! تاوانبار دەکەین!

**مەسیح**: (دێتە پێشەوە).

ئێوە سکالایەکی زۆر و زەبەندتان هەیە. لە دادوەرەکانتان، لە چارەنووستان هەڵدەگەڕێنەوە. بە دڵنیاییشەوە هەقی خۆتانە.

بەڵام من، من کێ تاوانبار بکەم، سکاڵا لە دەست کێ بکەم؟ خۆ ناکرێ ئێوە تاوانبار بکەم؟ نا، من دەبوو بکرامایەتە قوربانی، لە سەرەتاوە، هەر ئەوەیش نیاز بوو، ئەگەر لە خاچتان نەدامایە، دەبوو چی بەسەر ژیانمدا بهاتایە و چ مانایەکی لە خۆی بگرتایە؟ هەروەها ناشکرێ خوا تاوانبار بکەم، چونکە کاتێک وەک پەیامبەرێک بۆ لای ئێوە ڕەوانەی کردم، بەو هیوایە بوو کە ڕەوانەکردنی من ببێتە یارمەتیدەرێک بۆ ئێوە. کە ئەو ئەنجامەی نەبوو، نە من، نە ئەو، چ دەستەلاتێکمان بەسەر ئەنجامەکەدا ناشکێ. هەردووکمان ئەوەی لە تواناماندا بوو، کردمان و درێخیمان نەکرد.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئێوەیش ئەوەی لە تواناتاندا بوو کردتان و درێخیتان لێ نەکرد؟ خۆتان چۆن دەیبینن؟ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی ئاوها هاسان نییە، لەڕاستیشدا پرسیارێکی گرانە. بە دڵنیاییەوە، پیاو ناچار نییە بەوەی بە (نا) بەرسڤی بداتەوە. بێگومان ئێوە ناجۆرانە هەڵسوکەوتتان کردووە. ئێوە لە ڕێی بەئەنجام گەیاندنی کارە ناقۆڵا و ترسێنەرەکانتانەوە خۆتان تاوانبار کردووە. بەڵام تا چ ڕادەیەک هەڵتان بۆ ڕەخساوە کە خۆ لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو کارانە لادەن، تا چ ڕادەیەک هەلتان بۆ ڕەخساوە لە ئاست ئەو داوایەدا بن کە لە ئەستۆتاندا بووە، تا بە جۆرێکی جیاوازتر بن



لەوەی کە هەبوون؟ مرۆڤ دەبێ لەمە بەئاگا بێ، تا بتوانێ بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بڕیار بەسەر هەڵسوکەوتەکانتاندا بدا. ناکرێ ئەو شتە جوان و باشانەیش لە یاد بکرێن کە ئێوە کردووتانن. هەر نەبێ هێندەی کە بەڵگە بن بۆ ئەوەی کە ئێوە تەنیا هەر خراپ نین و زیاتر و بەبەهاترن لەو کارە بەد و خراپانەی ئەنجامتان داون. نامەوێ نادادی بەرانبەرتان بنوێنم و دەخوازم هەوڵ بدەم دادوەریتان بەسەردا بسەپێنم. من لە کێشە و گرفتەکانتان بەئاگام و دەزانم هەروا ئاسان نییە مرۆڤ بی. پیاو ناتوانێت بڵێت ئادەمیزادبوون، بەختێکە مایەی ئێرەیی پێ بردن.

باوکم پڕی سەرزەنشتە بەرانبەر ئێوە و زۆر سەختتر دادتان دەکات، چونکە ئەو قەت لە نێو ئێوەدا نەژیاوە. لە کاتێکی وەهادا، پێتان وایە کە ئەو ئیتر هیچ هۆیەکی بە دەستەوە نییە تا لە ئێوە تێ بگا. پێتان وایە، ئەگەر کەسێک بەختی ئێوەی تاقی نەکردبێتەوە، ناشتوانێ خۆ لە سەروو ئێوەوە ڕابگرێ و داد و بێدادیتان دەربخات. کە ئەو تەواو نامۆیە بە کێشە و گیروگرفتەکانتان و زۆر دووریش لە ئێوەوە دەژی. لە ڕاستیشدا وەهایە، ئەو بەشێوەیەک لە شێوەکان نامۆیە لەو ژیانەدا کە بۆ خۆی خولقاندویەتی. لەوەیشدا کە دوورە لەو ژیانەی ئێوەوە، ڕاست دەکەن. ئەو لە دنیایەکی تردا دەژی. لە گەردوونێکی زۆر جوداتر لەوەی ئێوە بە گەردوونی خۆتان نێوی دەبەن. مەخابن، دەبێ وا بێ، ئەو کەسێکی تەواو تەنیایە. پیاوێکی پیرە و خەریکە تەواو ماندوو و زویر دەبێ. زۆرجاریش هەست بە

خەمینی و دڵتەنگییەکی تەواو دەکات، کاتێک بیر لەوە دەکاتەوە کە چ ژیانێکی خولقاندووە و تا چ ڕادەیەکیش سەرنەکەوتوو بووە لە کارەکەیدا، بەوەی کە بەو جۆرە نەبووە کە خواستویەتی. هەندێ جار هەوڵ دەدەم دڵخۆشیی بەمەوە و دڵنەوایی بکەم، بەڵام ئەمە کارێکی هاسان نییە، کاتێک مرۆڤ کەرەسەیەکی وەهای لە دەستدا نەبێ مایەی دڵخۆشی بێ، یا بەڵگە بێ بۆ دڵخۆشبوون. ئەوەی ئەو داوای دەکا، چەند پەیڤێکی پڕ لە هیوا نییە، بەڵکو چەند ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە. بۆیە پڕ بە دڵ دەمویست داواتان لێ بکەم، هەوڵ بدەن هێندە بەد و خراپ نەبن، بەڵکو لەبریی ئەوە هێندەی لە تواناتاندا هەیە، هەوڵ بدەن دیوە باشەکانی خۆتان پیشان بدەن، ئەو دیوە باشانەی کە دەزانم هەتانن. ئەوسا بۆ من زۆر هاسانتر دەبێ ڕووبەڕووی باوکم ببمەوە و ئەویش یارمەتیی من ئەدات، ئەو هیوایە لە دەست نەدەم کە پێتان هەمە. من نامەوێت بێ هیوا بم، بەبێ هیواییەوە بە چی دەگەین؟ بێ لەوەیش نامەوێ ئەو هیوایە لە دەست بدەم، چەند سەختیش بێ. من ئەو ڕووناکییەم کە دەبێ بەرەو دنیا بێم و ناچارم بیر لەمە بکەمەوە.

(دەگەڕێتەوە جێیەکەی خۆی).

**سەرەکخێڵی ئینکا**: (دێتە پێشەوە. دەکەوێتە سەر چۆکان).

خواکەی ئەوان، لە خواکەی ئێمە بەهێزتر بوو. تەنیا بەوەدا ڕاگەیشتم ناوەکەی فێر ببم. ئەوان بە (کریستوس) ناویان دەبرد و دەبوو لە پێناوی ئەودا ئێمە بمرین.

(سەری دەچەمێنێتەوە).



(هەڵ ئەستێتە سەر پێ و بەرەو تاریکییەکە دەڕوا).

**مسکێن**: (تا سەر لێواری سەرشانۆکە دێتە پێشەوە).

من، لەبەرئەوەی (مەسیح) ئەوە ناخوازێ و نایەوێ تاوانبارتان بکا، بیر لەوە ناکەمەوە دەست لە تاوانبارکردنتان هەڵبگرم! تاوانبارکردنتان بە مافی خۆم ئەزانم و تاوانباریشتان دەکەم. تاوانبارتان دەکەم بەوەی بەسەر منتاندا هێنا! ئا، ئێوە! بەتایبەتیش ئێوە! ئێوە نەبوون دەتانڕەتاندم و دەتانچەوساندمەوە! ئێوە نەبوون لێ گەڕان لە پێناو خۆتاندا برەنجێم و کاری سەخت و گران بە ئەستۆ بگرم، لەبەرئەوەی خۆتان خۆش بژین! بە درێژاییی چاخەکان، مینا کۆیلەیەک بۆ ئێوە لە کارکردندا بووم، برسی بووم و هەرچی خراپە بە سەرمدا هاتووە! ئێستاش، لەبەرئەوەی ئەو پارچەگۆشتەم برد، ڕەوانەی مەقسەڵەم دەکەن! پێتان سەیرە، کاتێک پیاو مناڵەکانی برسین، پارچەگۆشتێک ببا! ئێوەش بوونایە واتان نەدەکرد؟ دز! دەتانەوێ ئەوە بڵێن وا نییە! ئێوە، کە تەنیا لەسەر دزی و بۆخۆڕفاندنی هەرشتێک لەبەر دەستدا بێ، ئەژین! ئێوە؛ کە لەسەر بەدبەختیی مرۆڤانی تر، لەسەر ئەو دۆزەخەی ئەوان تێیدان، دەژین! ئێوە؛ کە مامەڵەی مرۆڤانی دی بە وێنەی گیانەوەران، خراپتریش لە گیانەوەران، دەکەن، لەبەرئەوەی پێتان وایە هیچ نرخێکیان نییە! ئەی ئێوە خۆتان نرختان چییە!؟ ئێستا ئیتر لە پێناوی ئێوەدا بەرەو مەقسەڵەکە دەنێردرێم! بۆ خاتری ئەوەی بەدڵنیاییەوە سکی خۆتان لە خواردن بئاخنن، بۆ ئەوەی کەس نەخەڵەتابێ، چیتر بە لای

خواردنەکانتاندا بچێ، تا هەمیشە لەوە زیاترتان هەبێ کە دەتوانن بیخۆن! بۆ ئەوەی تەنیا پارچەیەک لە پارچەگۆشتەکانتانم بردووە! نەفرەت! نەفرەت لە هەمووتان! بەرلەوەی برۆم، نەفرەت!

(سەرشانۆکە بەجێ دەهێڵێت).

**مۆنتفاوکۆن**: (دێتە بەشی پێشەوەی سەرشانۆکە، قیژەقیژ و تەقەتەق دەبیسترێن).

من لێرە لە نێو ئەو گالیسکەیەی بەسەر شەقامەکاندا بەرەو مەقسەڵەکە تل دەبێتەوە، ڕاوەستاوم! وەک ئەوانی تر دانەنیشتووم، ڕاوەستاوم! لەبەرئەوەی چاکتر بمبینن! هیچوپووچینە! چاکتر بمبینن! ئێستا ئیتر پێتان ئاشنام! بە خەڵک ئاشنام، ئەو خەڵکەی لە پێناویدا هەزاران ڕەوانەی مردن ئەکرێن، ئەوەی لە پێناویدا تەوژمانی خوێن دەگەڕێن! ئێوە هیچوپووچن... هیچوپووچ! ڕقم لێتان دەبێتەوە! ئێستا زیاتر پێتان ئاشنام و دەتانناسم، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر و زیاتر ڕقم لێتان دەبێتەوە! بە دڵشادییەوە، دنیایەک کە هیچوپووچ و بێنرخان سەردارین، هیچوپووچ و بێنرخانی وەک ئێوە، بە جێ دەهێڵم! گوێ بگرن، بەوپەڕی دڵشادییەوە ئەم دنیایەتان بە جێ دەهێڵم! پێتان وا نەبێ دەترسم! ئێمە قەت کەسانی ترسنۆک نەبووین! ئێمە هەرچییەک بێ، لە کەسوکاری خۆمان دانابڕێین و شۆڕەتیان لەکەدار ناکەین! دەی بەرەو سێدارەکە لەگەڵمدا بەڕێ بکەون، تا ببینن ژنە میرێک چۆن دەمرێ!

(دەچێتە دەرەوە).



**ژان دارک**: (دەچێتە بەشی پێشەوەی سەرشانۆکە.)

وا دێتە بەرگوێ کە دار، بۆ ئاگرکردنەوە، فڕێ دەدرێنە سەر یەکتر.

وا دێتە بەرگوێم، خەریکن ئاگرەکەم بۆ خۆش دەکەن. دەبێ هەر زوو بەسەر دارە گڕدراوەکاندا بکەوم. دواکراوم و دەڕۆم، چ ڕێیەکی تریشم لەبەردا نەبوو لەوەی هەڵم بژارد، لەبەرئەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، هێندەش سەخت نەبوو. بەڵام سەرکۆنەی هەمووتان دەکەم بەوەی کە ناچارم بە مردن.

(بەرەو تاریکییەکە دەڕوا).

**شەهید**: (دێتە بەشی پێشەوەی سەرشانۆکە. دەکەوێتە سەر چۆک).

خوای گەورە و میهرەبان، گیانی خۆم بە دەستەکانی تۆ دەسپێرم.

(دەمێک دەمێنێتەوە. پاشان هەڵ دەستێ و دەڕواتە دەرەوە).

**مەسیح**: (دێتە بەشی پێشەوەی سەرشانۆکە. دەنگی بەچەکوش داکوتان دەبیسترێ).

گوێم لێیە، خەریکی داکوتینی خاچەکەمن. کەواتە دەبێ بڕۆم. ئەمەتان بە ناهەقی کرد دەرهەق بە من. بەڵام سەرباری هەرچییەک، تاوانبارتان ناکەم. ئێوە چەندانی ترتان لە خاچ داوە. گوناهبارتان ناکەم، هەر لەبەرئەوەی هەمان کاریش بەرانبەر بە من دەکەن. نیازیش لە مردنی من ئەوەیە، لە مردنی ئەوانی تر بەسوودتر بێ. هیوادارم هەروەهاش بێ. بەڵام با لێ گەڕێین بۆ داهاتوو.

ئەگەچی بیهوودە دەمرم، بەڵام قەت دەست لە خۆشەویستیتان هەڵناگرم. خۆشەویستیم بۆ ئێوە هێندە گەورەیە کە ناتوانم دەستی لێ هەڵبگرم.

ماڵئاوا! ماڵئاوا! ماڵی هەمووتان ئاوا.

(دەچێتە دەرەوە).

(ڕیکارد و جۆو، پێکەوە، دەست لە نێو دەست، بەرەو بەشی پێشەوەی سەرشانۆکە دەڕۆن).

**ڕیکارد**:

ماڵئاواییتان لێ دەکەین و بەرەو تاریکییەکە دەڕۆین.

(خۆیان دەچەمێننەوە و دەڕۆن).

**یوداس**: (بەرەو بەشی پێشەوەی سەرشانۆکە ئەڕوات، پاچەگوریسێکی لە دەستدایە).

ئەمە ئەو گوریسەیە کە بە نیازی خۆهەڵواسین لەگەڵ خۆم دەبیەم. پێم وا نەبوو ژیانم بەم شێوەیە کۆتایی پێ بێت. بەڵام سەیرە – چیتر بەرگەی ژیان ناگرم. کە ئەوم بینی بە بەردەممدا ڕەت بوو، یەکسەر بۆم ڕوون بووەوە کە چیتر نامەوێ بژیم.

ئەرێ هەر بەڕاست کوڕی خوا بوو؟ دوور نییە! تەنانەت لەوەیش بەتەواوی دڵنیا نیم. بەڵام ئەوەی لێی دڵنیام ئەوەیە کە خیانەتم بەرانبەری کرد. کە لە پێناوی مندا بوو بەسترابووەوە و لێی دەدرا. هەربۆیە چیتر نامەوێ بژیم. ئەوەش ڕاست نەبوو کە گوتم ئەگەر پارەکان دواییان نەهاتایە، خۆم هەڵنەدەواسی. بەتەواوی ڕاست نەبوو. مرۆڤ هێندەیش خراپ نییە وەک



دەوترێ، یا هێندەی خۆی لەو بڕوایەدایە کە خراپە. من شتێکم کرد ڕاست نەبوو. شتێک کە خیانەتم بەرانبەر کرد. بەتەواوی دڵنیا نیم ئەو شتە چی بوو. بەڵام شتێک بوو – هەر لەبەرئەوەیش چیتر نامەوێ بژیم.

منیش وەک ئەوانی تر دەڵێم: "ماڵئاوا." ئەگەرچی کەسیش ئەوەی پێ گرنگ نییە.

(دەچێتە دەرەوە).

**سۆکراتەس**: (بەرەو بەشی پێشەوەی سەرشانۆکە دەڕوا. دەنگی دادرانەوەی چارۆکەکانی کەشتییەک دەبیسترێ. ڕادەوەستێ و گوێ دەگرێ. پاشان).

ئەوە کەشتییەکەش گەڕایەوە و لاوەکانیش ملوانکەگوڵینەکانیان لە ملیان کردووەتەوە.

(ڕوو لە بینەرەکان ئەکات).

داوای لێبووردن دەکەم، هاوڕێیان، کە ناتوانین ئەم گفتوگۆیەمان تەواو بکەین، ئەگەرچی بەپەلە لەو بابەتە دەدوا کە دەکرێ بۆ هەر یەکێک لە ئێمە گرنگییەکی تایبەتی هەبێ. ناچارم لێرەدا کۆتایی پێ بهێنم، چونکە جەژنی خواوەندی ڕووناکی بەرەو دواساتی دەچێ و ئەو ژهرەی مرۆڤەکانیش بۆ یەکتری ڕادەگرن، تا نۆشی بکەن، کراوەتە ئەو پێکەوە کە بۆ من ئامادە کراوە. پێتان وا نەبێ کە نامەوێ چۆربڕی بکەم. هەرگیز! پیاوێکی پیرم و ژیانیش شتێکی تێدا نەماوە بەرەو خۆییم ڕابکێشێ. تەنیا شتێک کە تا ئێستاش بەرەو خۆی

کێشم بکا، گەڕانە بە دوای هەقیقەتدا، گۆڕینەوەی بیروڕایە تا بەو ڕێیەدا بمانبا کە لێیەوە زیاتر دەربارەی هەقیقەت فێر دەبین. وەک دەزانن، من بە فەیلەسووف ناو دەبرێم، زۆریش حەزم لە گفتوگۆی بەسوودە، بەڵام ئیتر وایە، هەموو بیروڕاگۆڕینەوەیەکیش، بەناچاری، کۆتایی خۆی هەیە و جێگرتنی هەر هزرێکیش هەڵقەیەکە و، ئەوەی بە دوای هەقیقەتدا دەگەڕێ، دەبێ پێی وا بێ، لەوێدا دەبێ بیبڕێتەوە و وا ببینێ کە زنجیرەکە چیتر بۆ ئەو هەڵقەی تری نییە. ئەمێستاش کە بارودۆخەکە ئا بەو جۆرەیە، چیتر ناتوانم بمێنمەوە، داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، کە بە جێتان دەهێڵم ئەگەرچی ئەو شتانەمان لا ڕوون نەبووەوە، کە پێیانەوە خەریک بووین. لەگەڵ ئەوەشدا، بەو هیوایەوە، کە بەوپەڕی توانامانەوە لەسەریان دواین، لێرەدا جێی دەهێڵم و دەڕۆم ئەو لەشەی جێی چڵوچێوێکیش ناگرێ، بە دەستەکانی مەرگ دەسپێرم و گیانیشم بە خواوەندان.

(دەڕوا)

**گیۆردانۆ برۆنۆ**: (بەرەو بەشی پێشەوەی سەرشانۆکە دەڕوا).

ئێستا لە نێو ئاگرەکەدا ڕاوەستاوم و لە داهاتوو دەنواڕم. دەبینم داهاتوو ڕووناکە، تەواو دنیایەکی ترە. ئا! دنیایەکی تر... چ دیمەنێکی قەشەنگ و جوانە ئەم دیمەنە!

ئێوە، ئێوە ناتوانن ببینن، بەڵام من، لێرەوە لە نێو ئەم ئاگرەدا، دەیبینم. دەیبینم کە پڕ لە ڕووناکییە...

ئا لەوێدا... دەمەوێ لەوێدا بژیم. بەوپەڕی شادییەوە، دەمەوێ



لەوێدا بژیم.

(ماوەیەک دەمێنێتەوە و بە گەشکەوە سەیری پێشی خۆی دەکات. دەڕوا).

**پاوڵۆ و فرانسێسکا بە تەنیشت یەکەوە دێن و دەڕۆن:**

چەند خۆشە لەگەڵ ڕووبارەکەدا ڕێکردن. چەند خۆشە ژیان.

**پاوڵۆ:**

ئا! هیچ شتێک لە ژیان خۆشتر نییە.

(پێکەوە ڕێ دەکەن. پاوڵۆ دەوەستێت و دەست دەنێتە سەر دڵی).

هەستت بەڕەتبوونی خەنجەرەکە کرد لە دڵتدا، خۆشەویست؟

**فرانسێسکا:**

تۆیش؟

**پاوڵۆ:**

ئا! بەڵام بۆ ناکەوینە سەر زەوی؟

**فرانسێسکا:**

ناکەوین؟ بۆ دەبێ بکەوین! لەو بڕوایەدای مردن ئەوەندە بە دەستەڵات بێ؟ ئەوە چۆن دەبێ؟ ئەوە ژیانە بەدەستەڵاتە، نەک مردن. ژیانە، کە مەزن و بێ کۆتاییە – ئەگەرچی مرۆڤ هەموو شتێک دەکا بۆ ئەوەی نکوڵی لە بەدەستەڵاتیی ژیان بکا.

**پاوڵۆ:**

ئا! ڕاستە. ژیانە کە مەزن و بێ کۆتاییە، نەک مردن. وەرە

خۆشەویستم، با بژین! بۆ هەمیشە بژین!

ئاسمانە پڕ لە ئەستێرەکە دادەگیرسێنرێ. وەک ئەوەی بچنە نێو ئاسمانەکەوە.

با لە دەروازەی ئەستێرانەوە بڕۆین.

**فرانسێسکا:**

بە ژێر تاقی گەردووندا.

**پاوڵۆ:**

با هەموو شتێک بێ سنوور بێ.

**فرانسێسکا:**

هەموو شتێک بێ سنوورە.

**پاوڵۆ:**

لێ گەڕێن، مرۆڤ بێ سنوور شاد بێ.

**فرانسێسکا:**

لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی.

**پاوڵۆ:**

بێ هیچ سنوورێک.

**فرانسێسکا:**

لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی.

**پاوڵۆ:**

لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی.



**فرانسێسکا:**

لێ گەڕێن، مرۆڤ بژی.

سەرچاوە:

Pär Lagerkvist, Dramatik, Vol.3. "lt människan leva" 1949, S.S.199

1956. Stockholm. Albert Bonniers Förlag. 199-218

پیێر لاگەرکڤیست، ١٨٩١-١٩٧٤، یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی ئەدەبی هاوچەرخی سویدی. گرفت و کێشەکانی مرۆڤ و ژیان، پێویستیی هەبوونی بڕوا لای مرۆڤ، بێ دەستەڵاتی، یا لەئارادانەبوونی دەستەڵاتی یەزدان، لە بابەتە سەرەکییەکانی نووسەرن و ناوەڕۆکی بەشێکی زۆری بەرهەمەکانیان پێک هێناوە.



پەراوێزەکان:

(١) جۆو، کوڕێکی ڕەشپێست و یەکێک بووە لەوانەی کە لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی هەڵمەتی نەژاد پەرستانەدا، لە ئەمریکا، بە دەستی سپییە نەژد پەرستەکان، دەکوژرێ.

(٢) کۆمتێس دۆ لارۆچە - مۆنتفاوکۆن، لە میرزادەکانی فرانسا بووە و بە تاوانی سووکایەتیکردن بە خەڵک لە لایەن شۆڕشگێڕانی فرانساوە گیراوە، بۆ ماوەیەک خراوەتەوە زیندانەوە و دوای دادگاییکردن، سزای مەرگی بەسەردا دراوە.

(٣) گیۆردانۆ برونۆ، فەیلەسووفێکی ئیتالیایی بووە. ساڵی ١٥٤٨ لە دایک بووە. لە ١٦٠٠/٢/١٧ لە ڕۆما بە تاوانی ئەوەی باوەڕی وا بووە گەردوون بێ کۆتاییە و لە کۆمەڵەدنیایەکی بێ سنوور پێک هاتووە و بوونەوەرانی زیرەک و هۆشیاریش تێیندا دەژین، لە لایەن دەستگاکانی پشکنین و لێوردبوونەوەی کلیساوە بۆ ماوەی ٨ساڵ خراوەتە زیندانەوە و پاشانیش لە (کامپۆ دێی فیۆری) سووتێنراوە.

(٤) ژان دارک، کچەجووتیارێکی ئاساییی فرانسایی و لە ١٤١٢/١/٦ لە دۆمرێمیی ئەو وڵاتە لە دایک بووە و دادەنرێ بە هێمای نەتەوەیی فرانسا. ژان دارک، لە هەوڵی ڕزگارکردنی فرانسادا لە دەست ئینگلیزەکان لە دەوروبەری پاریس بریندار و دەستگیر دەکرێ و لە ئەنجامدا بە ئینگلیزەکان دەفرۆشرێ. ئەمانیش لە ١٤٣٠/٥/٣٠دا بە تاوانی جادووگەری دەیسووتێنن.

(٥) و (٦) پاوڵۆ مالاتێستا و فرانسێسکا دا ڕیمینی، ئەویندارى یەکترن و چیرۆکی ئەوینداریی ئەوان یەکێک لە چیرۆکەکانی نێو (کۆمێدیا یەزدانی)یەکەی (دانتێ)یە. چیرۆک و بەسەرهاتی ئەوان تا ئێستایش سەرچاوەی بەرهەمهێنانی چەندان کارە لە زۆربەی بوارەکانی هونەردا.

(٧) یوداس ئێسکاریۆت، لە ساڵی ٣٣ی دوای زایندا مردووە. بەپێی ئینجیل یەکێک بووە لە دوانزە پەیامنێرەکانی (عیسای مەسیح) کە ناپاکیی بەرانبەر عیسا کردووە و یارمەتیی داوودەست گای ڕۆمەکانی داو، بیگرن. چیرۆک و

بەسەرهات لە بارەی یوداس ئێسکاریۆت و ناپاکییەکەی ئەوەوە زۆرن.

(٨) سۆکراتەس، فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنانە، لە نێوان ساڵەکانی ٤٧٠ و ٣٩٩ی پێش زایندا ژیاوە و لە لایەن (شوورای خەڵک)ەوە بە تاوانی لەخشتەبردنی لاوان و نکوڵیکردنی هەبوونی خوداکانەوە، سزای خواردنەوەی ژاراوی مەرگی بەسەردا دراوە.

(٩) ماناکەی ئەمەیە: "ئەو بەرازباوکە نەگریسانە!"

(١٠) ڕیکارد، مسکێن و شەهیدێکی دیان، کەسانی ئاساین و سەرەکخێڵی ئێنکایش، دیارە، سەرۆکی یەکێک لە خێڵەکانی ئێنکاهیندییەکانە کە بەر لە گەیشتنی پیاوانی سپیی ئەوروپایی بە ئەمریکای خواروو بە بەشێکی زۆری ئەو کیشوەردا بڵاو بووبوونەوە و خاوەنی شارستانیەتی تایبەت بەخۆیان بوون.